لە چەند ناوچەیەکی گەرمیان پێشمەرگە ئۆپەراسیۆنێکی لەدژی داعش ئەنجام دا

بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کفری پارتی دیموکراتی کوردستان بە «خەبات»ی راگەیاند، هێزێکی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس کە زیاتر لە 100 ئۆتۆمبێلیان لایە، ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ هەڵکوتانە سەر چەکدارانی داعش لە سنووری ناوچەی داوە دەستپێکردووە و لە چەند ناوچەیەکیش شەڕ و پێکدادان ڕوویداوە. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بۆمبێک تەقیوەتەوە و لە چەند شوێنێکیش ڕووبەڕووبوونەوە و تەقەکردن ڕوویداوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕۆژئاوای کوردستان... ئەمەریکا بنکەی سەربازیی زیاتر لە حەسەکە دروستدەکات

هێزەکانی ئەمەریکا وەک هەنگاوێک بۆ جێگیرکردنی هێزەکانیان لە کێڵگەکانی نەوت لە سووریا بنکەیەکی سەربازیی دیکە بنیات دەنێن، هەروەها ئالآی ئەمەریکایان لەسەر خاڵێکی سەربازیی بەرزکردووەتەوە کە لەژێر دەستی هێزەکانی سووریای دیموکرات دایە لە پارێزگای حەسەکە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5929)دووشەممە 10ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سبەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق کۆدەبنەوە



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق کۆدەبنەوە. بڕیارە سبەی سێشەممە 11ی شوباتی 2020 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق کۆببێتەوە.
لەمبارەیەوە د. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند: «کۆبوونەوەکە بۆ گفتگۆکردنە لەسەر دۆخی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق».
تەئکیدیشی کردەوە کە ئامانج لەم کۆبوونەوەیە، یەکخستنی هەڵوێستی کورد بە مەبەستی گەڕەنتیکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان لە بەغدا.

ڕوفاتی 172 ئەنفالکراو دەگەڕێندرێنەوە هەرێمی کوردستان



بەڕێوەبەری گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، وەرگرتنی سەمپڵی ئێسک و پروسکی ڕوفاتی 172 کەسی ئەنفالکراوی سەماوە لە بەغدا تەواو بووە و، بڕیارە لە مەراسیمێکی شایستەدا بگەڕێندرێنەوە هەرێمی کوردستان و لە چەمچەماڵ بە خاک بسپێردرێن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان:
لە پلانی 10 ساڵەدا لە جیاتی نەوت بیرمان لە بەهێزکردنی کەرتەکانی دیکەش کردۆتەوە

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، وەزارەتی پلاندانان و پڕۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژوو کرد کە دیدگای 2030 لە خۆدەگرێت و وەزیری پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەکات کە دیدگای 10 ساڵە پلانی وەزارەتی پلاندانان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی بزاندرێت دیدگایان بۆ داهاتوو چییە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

وڵاتان وەکو ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر تەماشای هەرێمی کوردستان دەکەن

بەرپرسی مەکتەبی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، هەرێمی کوردستان لە ڕووی دیپلۆماسییەوە هەنگاوی زۆر باشی ناوە و بە جۆرێک پێگەی بەهێز بووە وڵاتان وەکو ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر تەماشای دەکەن و گرنگیی زۆری پێ دەدەدەن، هەربۆیە بەردەوام سەردانی دەکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

خواستی خەڵک لە پڕۆژەیاسای خانەنشینی یەکگرتوو

یەکێک لە هەنگاوەکانی چاکسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی نێیەم کە بەڵێنی پێ دابوو، بریتییە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی کوردستان. بێگومان چینی خانەشینان کە چینێکی بەپیز و خەباتکار و بەخشندەی کۆمەڵگان و گەشتوونەتە لوتکەی بەخشندەیی خۆیان، بۆیە پێویستە حکوومەت و کۆمەڵگا هەموویان یەک دەنگ بارتەقای خزمەت و بەخشندەیی ئەوان، پاداشتی خەبات و خزمەتیان بداتەوە، ئەمەش چاکە و خێرێک نییە کەبەم چینە دەکرێ. **(زیاتر لە ل8 بخوێنەوە)**

چین... ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە بۆ 813 کەس بەرزبووەوە



ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چین بەردەوام لە پەرەسەندن دایە و تا ئێستا، 813 کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی توشبووانی ڤایرۆسەکەش، بۆ 37 هەزار و 559 کەس بەرزبووەتەوە.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

سەدر داوا لە خۆپیشاندەران دەکات دەست لە پێکهێنانی حکوومەت وەرنەدەن

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەربازێکی تایلەندی 89 کەسی کوشت و بریندار کرد

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



بەهۆی بەستەڵەک و بەفربارین ڕێگای هاتووچۆی حاجی ئۆمەران داخرا

بەهۆی ئەم شەپۆلە بەفرەی ناوچە شاخاوییەکانی گرتۆتەوە، پلەکانی گەرما لە سنووری حاجی ئۆمەران بۆ 9ی ژێر سفری نزمبووەتەوە، ئەمەش هاتووچۆی گەشتیاری و بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران داخست. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



مانگی چواردە شەو لە نیویۆرک

مانگی چواردە شەو ئەو کاتەیە کە مانگ لە نزیکترین خاڵدا دەبێت لە هەسارەی زەوی. لە نیویۆرک ئەو حاڵەتە بینرا، هەروەها بەهۆی دەرکەوتنی ئەو دیمەنە لە مانگی شوباتدا ناوی بە "مانگی بەفر" دەهێنن و دیمەنی جوانی بە شارەکە بەخشی.
(سەبارەت بەم دیاردەیە ڕاپۆرتێک لە ل14 بخوێنەوە)

لە چەند ناوچەیەکی گەرمیان

پێشمەرگە ئۆپەراسیۆنێکی لەدژی داعش ئەنجام دا



هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئۆپەراسیۆنێک لە چەند ناوچەیەک بۆ گەڕان و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش ئەنجام دەدات.

سەباح محەمەد، بەرپرسی لێژنەی ناوچەی کفریی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، هێزێکی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس کە زیاتر لە 100 ئۆتۆمبێلیان لایە، ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ هەڵکوتانە سەر چەکدارانی داعش لە سنووری ناوچەی داودە دەستپێکردووە و لە چەند ناوچەیەکیش شەڕ و پێکدادان ڕوویداوە. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بۆمبێک تەقیوەتەوە و لە چەند شوێنێکیش ڕووبەڕووبوونەوە و تەقەکردن ڕوویداوە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئەم ناوچە کوردستانییانە بەردەوام باس لە زیادبوونی جموجۆڵی چەکدارانی داعش لە ناوچەکە دەکەن.

دوێنێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە سنووری گەرمیان و بەمەبەستی دابینکردنی سەقامگیری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت سنووری نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان لە نێوان هەردوو قەزای خورماتوو و کفری، ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییان بەڕێوە برد.

خورماتوو.. تا ئێستا بکوژانی پێشمەرگەیەکی پارتی ئاشکرا نەکراون



لە شاری خورماتوو تا ئێستا بکەرانی شەهیدکردنی پێشمەرگەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان نەدۆزراونەتەوە کە نزیکەی یەک مانگ لەمەوبەر لە ماڵەکەی خۆی شەهید کرا.

ئەرسەلان عەلی، بەرپرسی ناوچەی خورماتووی پارتی، بە خەباتی ڕاگەیاند: بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتی کورد لە شارەکە نییە، دۆخی شارەکە نالەبارە و تا ئێستاش بکەرانی شەهیدکردنی پێشمەرگەکەی پارتی کە پاسەوانی خۆم بووە ، ئاشکرا نەکراون و دەزگا ئەمنییەکانی خورماتوو ئێستا بە بابەتی دیکەی ڕۆتینیاتەوە سەرقاڵن، بەڵام لێکۆڵینەوە لە دۆسیە گرنگەکان ناکەن، بەتایبەت لەو کوشتوبڕەی کە لە سنووردکە دەکرێت.

گوتیشی: ئەوەی ئێمە گومانی لێ دەکەین بەدەستی ئەنقەست فشار لەسەر خەڵک دەکەن، بە تایبەت لە هاوڵاتییانی کورد لە خورماتوو کە لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017دەوە فشار لەسەر کورد زۆر بووە.

شایانی باسە مانگی ڕابردوو، پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان ، بە ناوی سالار سابیر ، لە گەڕەکی "ڕزگاری"ی شاری خورماتوو، بە دەستڕێژی گوللە لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوە شەهید کرا و تا ئێستاش بکەرانی شەهیدکردنی ئەو پێشمەرگەیە نەدۆزراونەتەوە.

هۆشیار سیوەیلی: وڵاتان وەکو ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر تەماشای هەرێمی کوردستان دەکەن



بەرپرسی مەکتەبی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، هەرێمی کوردستان لە ڕووی دیپلۆماسییەوە هەنگاوی زۆر باشی ناوە و بە جۆرێک پێگەی بەهێز بووە وڵاتان وەکو ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر تەماشای دەکەن و گرنگیی زۆری پێ دەدەدەن، هەربۆیە بەردەوام سەردانی دەکەن.

هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: ڕووداوانەوە کە ئێستا لە عێراقدا ڕوودەدەن و خۆپێشاندان بەردەوامە و حکوومەتی عێراق کاربەڕێکەرە، هەرێمی کوردستان وەکو ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر لەلایەن وڵاتانەوە زیاتر گرنگیی پێ دەدرێت.

هۆشیار سیوەیلی دەشڵێت: نموونەی گرنگیدانی وڵاتانی دەرەوە بە هەرێمی کوردستان زۆرە، لەوانە دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی داڤۆس، کە کاردانەوەی زۆری هەبوو و بووە وەرچەرخانێکی مێژووی دیبلۆماسیی هەرێمی کوردستان. سیوەیلی زیاتریشی ڕوون کردۆتەوە و دەڵێت: سەردانی سەرکردەی وڵاتان بۆ هەرێمی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوون دایە و بەردەوام سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش هەیە، هەربۆیە هەموو وڵاتان کە دێن بۆ عێراق، سەردانی هەرێمی کوردستانیش دەکەن و بە گرنگیشەوە لە هەرێمی کوردستان دەڕوانن.



ڕوفاتی 172 ئەنفالکراو دەگەڕێندرێنەوە هەرێمی کوردستان

بەڕێوەبەری گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، وەرگرتنی سەمپڵی ئێسک و پروسکی ڕوفاتی172 کەسی ئەنفالکراوی سەماوە لە بەغدا تەواو بووە و، بڕیارە لە مەراسیمێکی شایستەدا بگەڕێندرێنەوە هەرێمی کوردستان و لە چەمچەماڵ بە خاک بسپێردرێن.

سیروان جەلال، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە، پرۆسەی وەرگرتنی سەمپڵ لە ئێسک و پروسکی172 ڕوفاتی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی سەماوە تەواو بووە لە بەغدا و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا و لە مەراسیمێکی شایستەدا، بگەڕێندرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان و لە چەمچەماڵ لە گۆرستانی (بانی مەقام) بە خاک بسپێردرێن.

جەلال گوتیشی، ئەگەر هیچ ڕێگرییەک نەبێت، لە /4 14ی ئەمساڵ و لە ساڵیادی ئەنفالدا دەگەڕێندرێنەوە و بە خاک دەسپێردرێن، دەشڵێ: لە ئێستادا دەستمان بە ئامادەکاری کردووە بۆ ئەوەی بیانگەڕێنینەوە. ناوبراو دەشڵێ، حکوومەتی هەرێم ئامادەیی نیشان داوە بۆ هەر هاوکارییەک و، دەربڕیبووی سەرجەمیان کوردن و خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستانن.

کەرکووک سیمای کوردستانییوونی پێوە دیار نەماوە

13 هەزار خێزانی عەرەب هاوردەی کەرکووک کراون و 30 بەرپرسی کوردیش لەسەر کار لادراون



بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی پڕۆسەی تەعریبدا، 13 هەزار خێزانی عەرەب هاوردەی کەرکووک کراون و 30 بەرپرسی کوردیش لەسەر کار لادراون.

مەهدی موبارەک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پڕۆسەی تەعریب لە کەرکووک بە شێوەیەکی چڕ بەردەوامە و ڕۆژانە عەرەب هاوردە دەکرێن، پارێزگار و ئیدارەش هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ دەکەن لە هاوردەکردن و گواستنەوەی پسوولەی خۆراک و پێدانی زەویی زێدەڕۆ بەو عەرەبانە، بۆیە تا ئێستا 13هەزار خێزانی عەرەب لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە هاوردە کراون، کە ئەمە تەنها بۆ ناو سەنتەری کەرکووک و لە ئێستاشدا خەڵکی دەوروبەری کەرکووکیش دەهێننە ناو کەرکووک، بۆ ئەوەی ڕێژەی عەرەب زۆر بێت.

موبارەک گوتیشی، جگە لە هاوردەکردنی عەرەب،30 بەڕێوەبەری کوردیشیان لە کاری خۆیان دوور خستووەتەوە و بەردەوامیشن لە هەر شوێنێک کوردێک هەبێت، لایدەبەن. ناوبراو باسی لەوەش کرد، شاری کەرکووک سیمای کوردستانیبوونی پێوە دیار نەماوە و تەواو کردوویانە بە شارێکی عەرەبی، چونکە ئێستا لەناو کەرکووک ڕێژەی عەرەب زیاتر بووە لە کورد، بۆیە دەیانەوێت لە ئەنجومەنی پارێزگا ئەوان بینە زۆرینە.

تا ئێستا لە 25 وڵات حاڵەتی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار کراوە

چین... ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە بۆ 813 کەس بەرزبووەوە



ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چین بەردەوام لە پەرەسەندن دایە و تا ئێستا ، 813 کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی توشبووانی ڤایرۆسەکەش، بۆ 37 هەزار و559 کەس بەرزبووەتەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی وڵاتانی جیهان لەبارەی تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکەوە خستوویانەتەڕوو، جگە لە چین لە 24 وڵاتی دیکەی جیهان حاڵەتی توشبوون تۆمار کراوە. تا ئێستاش 813 کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە کە 811یان لە چین، یەکێکیان لە هەرێمی هۆنگ کۆنگ و یەکێکیان لە فلیپین بووە. جگە لە چین ژمارەی توشبووانی کۆرۆنا لە وڵاتانی جیهان بەم شێوەیەیە.

"ژاپۆن: 96، سینگاپورە: 40، تایلاند: 32، کۆریای باشوور: 25، مالیزیا: 17، ئوسترالیا: 14، ڤیێتنام: 14، ئەڵمانیا: 14، ئەمریکا: 12، فەرەنسا: 11، ئیمارات: 7، کەنەدا: 6، بەریتانیا: 3، ئیتاڵیا: 3، هیندستان: 3، فلیپین: 3، ڕووسیا: 2، نیپال: 1، سریلانکا: 1، کامبۆچیا: 1، بەلجیکا: 1، ئیسپانیا: 1، سوید: 1، فینلەندا: 1".

www.xebat.net
دووشەممە 2020/2/10 ژمارە (5929)

وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان:

لە پلانی 10 ساڵەدا لە جیاتی نەوت بیرمان لە بەهێزکردنی کەرتەکانی دیکەش کردۆتەوە

نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی هەموو ئەو پرۆژانە دەکەن کە پەرەپێدانی وڵاتی پێوە دیارە

ناتوانین هەر پشت بە نەوت ببەستین و خەڵکیش چاوەڕوانی دامەزراندن بکات



رۆژی دووشەمەی رابردوو، وەزارەتی پلاندانان و پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژۆو کرد کە دیدگای 2030 لە خۆدەگرێت و وەزیری پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەکات کە دیدگای 10 ساڵە پلانی وەزارەتی پلاندانان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی بزاندرێت دیدگایان بۆ داهاتوو چییە.

وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دکتۆر دارا رەشید ئامارە بەوە دەکات کە بەهۆی گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە، پلانەکەیان زیاتر لە 10 ساڵ دانەناوە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پلانەکەیان هەموو سێکتەرەکان دەگرێتەوە و کار لەسەر باشترکردنی سێکتەرەکان دەکەن.

دکتۆر دارا رەشید لە دیمانەیەکدا تیشکی خستۆتە سەر دیدگای 2030ی وەزارەتەکەی و دەڵێت: پلانی دیدگای 2030 دە ساڵی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەیە بزانین دیدگامان بۆ داهاتوو چییە، دواتر ئەم پلانە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە ساڵی 2030.

دکتۆر دارا رەشید دەشڵێت: بۆ نموونە، ئەگەر باسی سێکتەری تەندروستی بکەین، سەیر دەکەین چوار ساڵی داهاتوو لە چ قۆناغێکین، دە ساڵی داهاتوو دەگەین بە کوێ، بێگومان ئەم پلانە لە هەموو وڵاتانا هەیە کە پلانی 50 ساڵیی دادەندرێت، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە بۆیە پلانمان بۆ دە ساڵی داهاتوو داناوە.

وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد کە بەپێی پلانەکە دەیانەوێت هاوواڵتیان تەنها پشت بە دامەزراندن نەبەستن بەڵکو کەرتی تایبەت بەکاربهێنن و مافەکانیشیان وەک فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بێت و گوتیشی: بزانین دیدگامان چییە بۆ نموونە لە سێکتەری کشتوکاڵ، پیشەسازی و سێکتەرەکانی دیکە دەمانەوێت لە کوێ بین، ناتوانین هەر پشت بە نەوت ببەستین و خەڵکیش چاوەڕوانی دامەزراندن بکات، بۆیە دەبێت بزانین کەرتی تایبەت لە کوێیە، بزانین ئایا هەر ئەو بیرکردنەوە دەمێنێت خەڵک لە کەرتی گشتی بێت یان دەتوانین کەرتی تایبەتیش بەکاربهێنین بە هەمان ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە فەرمانبەرێک لە کەرتی گشتییدا هەیەتی، بۆیە گرنگی بە هەموو سێکتەرەکان دەدەین و بەرهەمەکەیشی دەبینین.

لەبارەی رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو هاوکار و پاڵپشتی پرۆژەکە، وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە: وەکو پرۆژە، پرۆژەی وەزارەتی پلاندانانە، نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی هەموو ئەو پرۆژانە دەکەن کە پەرەپێدانی وڵاتی پێوە دیارە، بۆیەش ئەوان ئامادەیی خۆیان نیشانداوە کە خەڵکی شارەزا بهێنن بۆ ئەوەی سوودیان لێوەرگرین و تایبەت لە کەرتی گشتی بەکاربهێنین، بۆیە پێویستە بەشداری هەموو لایەنەکان بکەن لە دیدگای 2030، چونکە هەموویان پەیوەستن بە پرۆژەکە و دەبینە تەواوکەری پلانەکە.

جێی باسە رۆژی 2020/2/3 وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر دارا رەشید، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆو کرد کە تیایدا دیدگاکە پلانی وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ماوەی دە ساڵ کە تیایدا گرنگی بە سێکتەرە جیاجیاکان دەدرێت بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێم و پەرەپێدانی بەردەوام کە لە ئاستی داخوازییەکانی خەڵک بێت.

رۆژئاوای کوردستان... ئەمەریکا بنکەی سەربازیی زیاتر لە حەسەکە دروستدەکات



هێزەکانی ئەمەریکا وەک هەنگاوێک بۆ جێگیرکردنی هێزەکانیان لە کێڵگەکانی نەوت لە سووریا بنکەیەکی سەربازیی دیکە بنیات دەنێن، هەروەها ئاڵای ئەمەریکایان لەسەر خاڵێکی سەربازیی بەرزکردووەتەوە کە لەژێر دەستی هێزەکانی سووریای دیموکرات دایە لە پارێزگای حەسەکە.

هێزەکانی ئەمەریکا کە لەو ناوچانەی سووریا جێگیربوون کە لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات ئازادکراون و لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان دایە، لە 18ی کانوونی دووەمەوە تا ئێستا پێنج جار رێگریان لە هێزەکانی ڕووسیا کردووە لە چوونە ناو کێڵگەی نەوتیی ڕومێلان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای حەسەکە و ناچار بە گەڕانەوەیان کردوون. هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ گەیشتن بە کێڵگەی نەوتی ڕومێلان، هێزەکانی ئەمەریکا دەستیانکردووە بە بنیاتنانی بنکەیەکی سەربازیی لە شارۆچکەی تەل بەراک کە دەکەوێتە سەر ڕێگای کێڵگەکە بە دووری 40 کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری حەسەکە.

بەگوێرەی سەرچاوەکان، هێزەکانی ئەمەریکا لە میانی چەند هەفتەی دوایید لە ڕێگەی دەروازەی سنووری وەلید چەندین ئامێر و کەرەستەی بیناسازییان لە عێراقەوە گواستووەتەوە بۆ سووریا. ئاماژە بەوەش کراوە کە هێزەکانی ئەمەریکا ئاڵایان لەسەر تاوەرێک لە ناوەڕاستی شارۆچکەکە بەرزکردووەتەوە، هەروەها بە بەردەوام هێلیکۆپتەرەکانیان بەسەر ئەو ناوچەیەدا دەسووڕێتەوە کە بنکە سەربازییەکەی تێدا بنیات دەنرێت.

لە پێشهاتێکی دیکەدا، سوپای ئەمەریکا کە هێزەکانیان لە کێڵگەکانی نەوت لە پارێزگای دێرازۆر بڵاوەپێکردووە، ئەو باڵەخانەیەی کە لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات دایە لە شاری حەسەکە، کردووەتە خاڵێکی سەربازیی ئەمەریکی.

جێی باسە هێزەکانی ئەمەریکا لە 11 بنکە و خاڵی سەربازیی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەیە بزانین دیدگامان بۆ داهاتوو چییە، دواتر ئەم پلانە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە ساڵی 2030.

دکتۆر دارا رەشید دەشڵێت: بۆ نموونە، ئەگەر باسی سێکتەری تەندروستی بکەین، سەیر دەکەین چوار ساڵی داهاتوو لە چ قۆناغێکین، دە ساڵی داهاتوو دەگەین بە کوێ، بێگومان ئەم پلانە لە هەموو وڵاتانا هەیە کە پلانی 50 ساڵیی دادەندرێت، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە بۆیە پلانمان بۆ دە ساڵی داهاتوو داناوە.

ئەیاد عەللاوی داوای دروستکردنی دادگایەکی تایبەت بۆ دادگاییکردنی بکوژانی خۆپیشاندەران دەکات

سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانی وەتەنییە، ئەیاد عەللاوی داوای دروستکردنی دادگایەکی تایبەت بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی کە تاوانیان دژ بە خۆپیشاندەران ئەنجامداوە و سزادانیان دەکات.

ئەیاد عەللاوی کە هاوپەیمانییەکەی خاوەنی 21 کورسییە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا داوای کردووە، دادگاکە لە چەند دادوەرێکی خانەنشینکراو لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق پێکبهێنرێت و ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی کۆمار بێت. عەللاوی هەروەها داوای ئەوەیشی کردووە کە پێویستە دانیشتنەکانی دادگایەکە بەشێوەی ئاشکرا بۆ بکوژان و ئەو کەسانەی تاوانیان دژ بە خۆپیشاندەرانی ئاشتییانە ئەنجامدا، بەڕێوەبچێت.

سەربازێکی تایلەندی 89 کەسی کوشت و بریندار کرد



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

ڕۆژی شەممە 2020/2/8 سەربازێکی ڕاهێنراوی تایلەند بەهۆی تووڕەبوونی لە دۆسێی فرۆشتنی خانوویەک لە ڕۆژهەڵاتی تایلەند تەقەی لەخەڵک کردووە و دواتر بەموشەکێکی ئاڕ پی جی کوشت و دەستی گرت بەسەر جبەخانە و ئۆتۆمبێلێکی سەربازگەکەدا و بە دڕێژی سەربازگەکە هەتا مۆڵێکی ناوچەی موانگ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تایلەند تەقەی لەخەڵک کردووە و دواتر بەموشەکێکی ئاڕ پی جی مۆڵەکەی کردۆتە ئامانج و دەستی بەکوشتنی خەڵکی بێ تاوان کردووە و دەرەنجام 26 کەسی کوشتووە و بەدەیانیشی بریندار کردووە و خۆیشی لەلایەن هێزە سەربازییەکانی سەربازگەکەیەوە کوژراوا و بەوەش ژمارەی کوژراوان لەماوەی 24 سەعاتی سەرکێشی ئەم سەربازە 27 کوژراو و نزیکەی 63 بریندار بوو. سەرۆک وەزیرانی تایلەند لە وتارێکدا رایگەیاند ئەوەی ڕووید لەمێژوودا وێنە و هاوشێوەی نەبووە و لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەری دەخات ئەم سەربازە بەهۆی فرۆشتن و بەکرێدانی خانوویەکەوە تووڕەبووە و وەک شێتی لێهاتووە و دەستی لەکەس نەپاراستووە. سەرۆک وەزیرانی تایلەند هیواشی خواست شتی لەو جۆرە لەوڵاتەکەیدا دووبارە نەبێتەوە.

سەدر داوا لە خۆپیشاندەران دەکات دەست لە پێکهێنانی حکوومەت وەرنەدەن



سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر داوای لە خۆپیشاندەران کرد دەست وەرنەدەن لە حکوومەتی داهاتووی عێراق کە ئەرکی پێکهێنانی بە وەزیری پێشووتری گەیاندن، محەمەد تۆفیق عەللاوی سپێردراوە. موقتەدا سەدر لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لەژێر ناوی «بەڵگەنامەی شۆڕشی چاکسازیی» بڵاویکردووەتەوە، داوای لە خۆپیشاندەران کردووە دەست لە سیاسەت وەرنەدەن.سەدر جەختی لەوە کردووەتەوە کە خۆپیشاندەران تێکەڵ بە پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوو نەکرێن و ئەمەیشی بە شێواندنی ناوبانگی شۆڕشی چاکسازیی لە قەڵەم داوە.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر داوایشی کردووە، هیچ کەسێک ناچار بە خۆپێشاندان نەکرێت و ڕێگەکان دانەخرێن و زیان بە ژیانی گشتی نەگەیەنرێت، هەروەها ڕێگری لەدەوامی ناوەندەکانی خوێندن نەکرێت و نابێت کەس ناچار بە دەوامیش بکرێت، هەروەها داوای کردووە پەلاماری مووڵک و ماڵی گشتی و تایبەت نەدرێت.

موقتەدا سەدر داوای لە کلاوشینەکان کردووە لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانەکان بکشێنەوە و خۆپیشاندەرانی ئاشتییانە بپارێزرێن و خێوەتەکان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان بکرێن. دوای پەیامەکەی سەدریش، لایەنگرانی لە گۆڕەپانی تەحریر و باڵەخانەی ڕێستۆرانتی تورکی ناوەڕاستی بەغدا کشانەوە.

تورکیا ... ژمارەی ئەندامانی ئاکەپە دابەزیوەو هی هەدەپەش بەرز بۆتەوە

پارتی ئایندە: دەنگی ئاکەپە بە ڕێژەی 30٪ کەمی کردووە

کەمبوونەوەی هەر دەنگێکی ئاکەپە بۆ پارتی ئایندەیە

داواکاری گشتیی تورکیا، هەڵسەنگاندنی بۆ ژمارەی ئەندامانی پارتە سیاسییەکانی تورکیا کردووە، بەمەش لە ماوەی50 ڕۆژدا ژمارەی ئەندامانی ئاکەپە لە تەواوی تورکیادا 15 هەزار و692 کەس کەمی کردووە. لە بەرانبەردا ژمارەی ئەندامانی هەدەپە زیادی کردووە. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە داواکاری گشتی وەرگیراوە و چەند میدیایەکی تورکیا بڵاویان کردووەتەوە، ئاکەپە ژمارەی ئەندامەکانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە کە لە ماوەی 50 ڕۆژدا15 هەزار و 692 کەس کەمی کردووە، بەڵام مەهەپە کە هاوپەیمانی ئاکەپەیە ژمارەی ئەندامەکانی لە ماوەی50 ڕۆژدا 10 هەزار کەس زیادی کردووە و جەهەپەش 4 هەزار و 230 کەس و پارتی باش 42 هەزار و533 زیادی کردووە و هەدەپەش لە ماوەی 50 ڕۆژدا 412 ئەندامی زیادی کردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرکردەیەکی پارتی ئایندەی تورکیا، کە ئەحمەد داودئۆغلو سەرۆکی ئەو پارتەیە، ڕایدەگەیەنێت کە لەبارەی ڕێژەی دەنگی پارتە سیاسییەکان لە تورکیا ڕاپرسییان کردووە و بۆیان دەرکەوتووە دەنگی ئاکەپە زۆر کەم دەکات و کەمبوونەوەی هەر دەنگێکی ئاکەپەش بۆ پارتی ئایندە دەچێت. سەلجوق ئۆزداغ، جێگری سەرۆکی پارتی ئایندە، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (جومهوریەت)ی تورکی، باس لە سەنگی پارتەکەی لە تورکیا دەکات. ئەو بەرپرسەی پارتی ئایندە ئاماژەی بەوەش داوە، کە ڕاپرسییان لە نێو شاری تورکیا ئەنجام داوە، لەوە ڕاپرسییانەدا دەنگی ئاکەپە بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، کە لە دەوروبەری 30% دەبێت.

ئۆزداغ دەشڵێت: هەر پارتە و بۆ خۆی ڕاپرسی دەکات و ژمارەیەک بۆ ڕای گشتی بڵاو دەکاتەوە، بەڵام ئەمانە مەرج نین، چونکە دەبێ بزانیت ئەو دەزگایەی ڕاپرسییەکەی کردووە کێیە و تا چەند جێی متمانەیە؟ ئێمە دەزانین دەنگی ئاکەپە کەمی کردووە، کەمکردنەوەی هەر دەنگێکی ئاکەپەش بۆ پارتی ئایندە دێت. لە بەشێکی تری قسەکانیدا ئاماژەی داوە کە لە 9 شاری تورکیا ڕاپرسییان کردووە و بۆیان دەرکەوتووە، کە پارتی ئایندە نزیکە 6 بۆ 7%ی دەنگەکانی هەیە، ئەمەشی بە هەنگاوێکی گرنگ وەسف کرد. جێی باسە لە تورکیا تاکو ئێستا15 پارتی سیاسی هەن کە هیچ ئەندامێکیان لە داواکاری گشتی تۆمار نەکراوە، چونکە ژمارەی ئەندامەکانیان وەکوو پێویست نییە. نموونە پارتی ئایندە کە ئەحمەد داودئۆغلو سەرۆکییەتی، تا ئێستا ناوی لەناو سیستەمی داواکاری گشتی تورکیا تۆمار نەکراوە تا ژمارەی ئەندامەکانی ئاشکرا بکرێت.



حکوومەتی عێراق زیاتر لە 31 هەزار کەسوکاری داعش لە پارێزگای نەینەوا نیشتەجێ دەکات

لەماوەی مانگی داهاتوودا حکوومەتی عێراق کەسوکارەکانی داعش کە لە خێوەتگەی هۆل نیشتەجێن بۆ خێوەتگەی عەمەلە لە ناحیەی زوممار دەگوازێتەوە، کە ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە 31 هەزار کەس. لەمبارەیەوە لیوا تەحسین خەفاجی، وتەبێژ بەناوی ئۆپەراسیۆنەکان بە ئەلئەخباریەی ڕاگەیاندووە، ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان ڕێگا نادەن هیچ خانەوادەیەکی غەیرە عێراقی بگەڕێندرێتەوە بۆ عێراق.

هەروەها گوتیشی: تائێستا گفتوگۆکان لەلایەن حکوومەت و لایەنەکانی دەرەوە بەردەوامەو ئێمەش لە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان بۆ گواستنەوەی خێزانە داعشییەکان لەسووریاوە بۆ عێراق ئاگادار نەکراوینەوە.



13 کۆچبەر لە سنووری باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو بەفر گیانیان لەدەست دا

بەپێی زانیاریی سەرچاوە خۆجێیەکان شەوی ڕابردوو لە سنووری نێوان هەردوو پارێزگای وان لە باکووری کوردستان و پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی ڕنووی بەفر و کڕێوە و سەرماوە 13 کۆچبەر گیانیان لەدەستداوە. بەرپرسانی پارێزگای وان لە باکووری کوردستان و سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ ئەم ڕووداوەکەیان پشتڕاست کردووەتەوە و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی وان لەزاری مالباتی ئەو قوربانیانەوە ئەو زانیارییانەی خستووەتەڕوو و دەگوترێت هەتا ئێستا تەرمی ڕوونی لە سنووری شاری چالدیرانی سەر بە ورمێ و نێوان وان ڕووی داوە.

بەس لەوە دەکرێت10 کەسیان ئەفغانی و سێ کەسیشیان خەڵکی کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستانن، بەڵام هەتا ئێستا ئەم زانیارییانە بە دروستی پشتڕاست نەکراونەتەوە و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی وان لەزاری مالباتی ئەو قوربانیانەوە ئەو زانیارییانەی خستووەتەڕوو و دەگوترێت هەتا ئێستا تەرمی کۆچبەرەکان لەژێر ڕنووی بەفر دەرنەهێنراون و بەهۆی زۆریی بەفر و سەرماوە ناتوانرێت تەرمەکان دەربهێنرێن.

ماوەی نزیکەی یەک هەفتەیە شەپۆلێکی بەفر و سەرما و کڕێوە سنووردەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووەتەوە. سالانە لەو سنوورانە بەهۆی هەرەس و ڕوونی بەفرەوە دەیان کۆچبەر گیان لەدەست دەدە.

عێراق... خۆپیشاندان دژی ڕاسپاردنی محەمەد عەللاوی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران بەردەوامە

لە زیقار ژمارەیەک پرد و ڕێگا لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە داخران



K24: خۆپیشاندان لە شارەکانی عێراق، دژی ڕاسپاردنی محەمەد عەللاوی بەردەوامە و لە پارێزگای زیقاریش ژمارەیەک پرد و ڕێگا لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە داخران.

دوای کۆشانەوەی کلاوشینەکان، خۆپیشاندانی فراوان، لە هەرێمی کوردستان و هەندێ لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەستی پێکردەوە و بەرەو بەسرە، کەربەلا، نەجەف، میسان، ناسریە، دیوانیە و چەند شارێکی دیکە دەستیپێکردەوە، کە زۆربەیان خوێندکار بوون، دژی ڕاسپاردنی محەمەد عەللاوی بۆ سەرۆکایەتی حکوومەت و حزبە سیاسییەکانی دەستەڵات، دروشمییان گووتەوە و داوای ڕێگا لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە داخران.

دوای کۆشانەوەی کلاوشینەکان، خۆپیشاندانی فراوان، لە هەرێمی کوردستان و هەندێ لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەستی پێکردەوە و بەرەو بەسرە، کەربەلا، نەجەف، میسان، ناسریە، دیوانیە و چەند شارێکی دیکە دەستیپێکردەوە، کە زۆربەیان خوێندکار بوون، دژی ڕاسپاردنی محەمەد عەللاوی بۆ سەرۆکایەتی حکوومەت و حزبە سیاسییەکانی دەستەڵات، دروشمییان گووتەوە و داوای

بێنیامین ناتانیاهو: دەستمان بە نەخشەکێشان کردووە بۆ لکاندنی چەند بەشێکی کەناری رۆژئاوا بە ئیسرائیلەوە



سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو رایگەیاند کە لەچوارچێوەی پلانی ئاشتی بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بە "گرێبەستی سەدە" ناسراوە، تیمێکی ئەمەریکا و ئیسرائیل بە هاوبەشی دەستیان بە نەخشەکێشان کردووە بۆ لکاندنی چەند بەشێکی کەناری رۆژئاوا بە ئیسرائیلەوە.

رۆژنامەی یەدیعۆت ئەحەرنۆت بڵاویکردەوە، بێنیامین ناتانیاهو گوتوویەتی: دەستمانکردووە بە نەخشەکێشان بۆ ئەو زەویانەی فەڵەستین کە دەبنە بەشێک لە ئیسرائیل، ئەو کارەش زۆر ناخایەنێت و لەمیانی چەند هەفتەی داهاتوودا تەواو دەبێت.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو لەمیانی گوتارێکدا لە بەردەم ناوچەی جوولەکەنشینی "مەعالییە ئەدومیم" ئۆرشەلیم ئەوەشی گوتووە: بەپێی ئەوەی لە پلانەکەی ئەمەریکادا دیاریکراوە، دەستمان بە دانانی نەخشەکان، کردووە.

بێنیامین ناتانیاهو راشیگەیاندووە کە دوای تەواوکردنی نەخشەکان، سەروەری ئیسرائیل بەسەر ئەو زەویانەی فەڵەستینیدا دەسەپێنن کە دەکەونە چوارچێوەی نەخشەکانەوە لەوانەش یەکەکانی نیشتەجێبوونی جوولەکە لە کەناری رۆژئاوا و تەواوی دۆڵی ئوردن و گوتیشی: بەبێ یەکەکانی نیشتەجێبوونی جوولەکە لە کەناری رۆژئاوا، نیشتمانی ئیسرائیل بوونی نابێت، ئەو یەکانە وەک ناسنامە و کولتووری ئیسرائیل دەمێننەوە.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو هێرشیکردە سەر سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، باراک ئۆباما لەوەی فشاری زۆری کردبووە سەر حکوومەتی ئیسرائیل و گوتی: لەبەر ئەوەیە تا ئێستا، دوژمنانمان هەوڵدەدەن لە نیشتمانی خۆماندا دەرمان بکەن، بەڵام سەرکەوتوونابن بۆ هەتاهەتا لێرە دەمێنینەوە.

جێی باسە لە 28ی مانگی رابردوو سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا کە لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو سازیکردبوو، پلانی ئاشتی بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بە "گرێبەستی سەدە" ناودەبرێت بۆ رای گشتیی ئاشکراکرد. دۆنالد ترەمپ تیشکی خستەسەر ئەوەی، پلانەکەی لە 80 لاپەڕە پێکهاتووە و جەختی لەوەکردەوە کە ماددەی زۆر بە نرخ لەخۆدەگرێت بۆ ئیسرائیل و لایەنی فەڵەستینییەکان. سەرۆکی ئەمەریکا لە سەرەتای گوتەکانیدا، ئاماژەی بەوەکرد کە لە پلانی ئاشتی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، شاری ئۆرشەلیم وەک پایتەختی "بەشنەکراو"ی ئیسرائیل قبوڵ دەکرێت و جەختی لەوەشکردەوە کە پلانەکە دواین دەرفەتە بۆ فەڵەستینییەکان.



داروڵیفتای میسر: 90٪ی فەتواکانی تورکیا بۆ بەرژەوەندی ئەردۆگان دەدرێت

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

داروڵیفتای میسر سەرسوڕمانی خۆی لەو فەتوا یەک لەدوای یەکانەی زانایانی ئیسلامی تورکیا دەربڕی و دەڵێت 90%ی فەتواکانی تورکیا بۆ بەرژەوەندی ئەردۆگان ئیسلامیدا بدات و تەواوی دامەزراوەی ئیسلامی تورکیا و موفتیەکانی خستۆتە خزمەت ئەو کردەوە سەربازییانەی کە لەناو تورکیا ئیسلامی لە داروڵیفتای میسر رایگەیاند رەجەب تەیب ئەردۆگان دەیەوێ سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی بگەڕێنێتەوە و دەیەوێ لە رێگەی موفتیە تورکیەکانەوە شەرعیەت بەهەوڵە پاوانخوازی و داگیرکارییەکانی لە جیهانی ئیسلامیدا بدات و تەواوی دامەزراوەی ئیسلامی تورکیا و موفتیەکانی خستۆتە خزمەت ئەو کردەوە سەربازییانەی کە لەناو تورکیا و لەدەرەوەی تورکیاش ئەنجامی دەدا، بەجۆرێک کە 90%ی فەتواکانی تورکیا و هەموو مینبەری مزگەوتەکان لەبەرژەوەندی رەجەب تەیب ئەردۆگان و سیاسەتەکانی بەکاردەهێنرێ و وەک تاکە بەرگریکاری ئیسلام و خەلیفەی موسڵمانان و تەنانەت هەندێ جار وەک پێغەمبەر لەقەڵەمی دەدەن و پلەی پێغەمبەرایەتی پێدەدەن.

ئێران.. پەسەندکردنی سزای لەسێدارەدان بەسەر حەوت هاووڵاتی کورد

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان: ئەو حەوت کەسە بوونەتە قوربانی پیلانگێڕیی هەوالگریی سوپای پاسدارانەوە



دوای ئەوەی حەوت هاووڵاتی کورد بەتاوانی کوشتنی کەسایەتێکی ئایینی لە پارێزگای ورمێ ڕۆژهەلاتی ئێران سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرابوو، سزاکە لەلایەن دادگای باڵای ئەو وڵاتەوە پەسەندکرا.

دادگای باڵای ئێران، سزای لەسێدارەدانی بەسەر حەوت هاووڵاتی کورد پەسەندکرد کە تاوانبارکراون بەکوشتنی کەسایەتێکی ئایینی لە پارێزگای ورمێ باکووری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە، بەڵام ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو حەوت کەسە، بوونەتە قوربانی پیلانگێڕییەک کە لەلایەن هەوالگریی سوپای پاسدارانەوە دارێژراوە.

جێی باسە کەسایەتی ئایینی، عەبدولڕەحمان تینا لە 28ی ئەیلوولی 2018دا لە بەردەم مزگەوتی خولەفا ڕاشیدین لە شاری مەهاباد سەربە پارێزگای ورمێ کوژرا. لە حەوتی تشرینی دووەمی 2019 دادگاییکردنی ئەو حەوت کەسە تا ئێستا دریژەی هەیە ئەوەش دوای ئەوەی کە پێشتر دادگای باڵای ئێران سزای لەسێدارەدانی بەسەر حەوت کەسەوە هەڵوەشاندبووەوە و بڕیاری دابوو دووبارە دادگاییکردنەوەی بکرێتەوە.

سزای لەسێدارەدانی بەسەر هەریەک لە ئەنوەر خزری، کامەران شێخە، فەرهاد سەلیمی، قاسم ئابستە، خەسرەو بەشارت، ئەیوب کەریمی و داود عەبدول لەهی دا پەسەندکردووە و پارێزەرەکانیانیش لەوبارەوە ئاگادارکردووەتەوە. هاوکات ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو سەرچاوانەی کە ئاماژە بە تۆمەتەکانی حەوت هاووڵاتییەکە دەکەن، هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئەو تۆمەتانە نەخستۆتەڕوو.

یەک دۆلاری ئەمەریکی شەش لیرەی تێپەڕاند

هەڵاوسانی ئابووری لە تورکیا گەیشتە 12٪

لیرەی تورکی بەرانبەر بە دۆلار دیسان بەهای خۆی لەدەست دا، لەدەستدانی بەهای لیرەی تورکیش بە ئاستێکە کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لیرەی تورکی بەرانبەر بە دۆلار ئەوەندە دانەبەزیوە. دوێنێ شەممە یەک دۆلاری ئەمەریکی شەش لیرەی تێپەڕاند، واتە 100دۆلاری ئەمەریکی بە 603لیرەی تورکی مامەڵەی پێوە کراوە، چاودێرانی ئابووریی تورکیاش ئاماژە دەدەن کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لیرەی تورکی بەرانبەر بە دۆلار بەو شێوەیە دانەبەزیوە.

بارش سۆیدان ئابووریناسی تورکیا، نووسینێکی لە ماڵپەڕی T24ی تورکی بڵاو کردووەتەوە و پێی وایە ئەوەی هۆکاری سەرەکییە بۆ دابەزینی لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار، هەڵاوسانی ئابووریی تورکیایە.

ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە لە مانگی یەکی 2020دا هەڵاوسانی ئابووری لە تورکیا 12% بووە، ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر دابەزینی لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار دروست کردووە.

دابەزینی بەهای لیرەی تورکی، نرخی هەموو شتێکی لە تورکیا گران کردووە، بۆیە میدیاکانی تورکیا زۆر گرنگیان بەو بابەتە داوە و ئابووریناسانی تورکیا هەڵسەنگاندن بۆ ڕەوشی ئابووری تورکیا دەکەن و، پێیان وایە لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار زیاتر دادەبەزێت.



ئێران: هەماهەنگی لەگەڵ ئۆکراینا دەکەین بۆ پشکنینی سندووقی ڕەشی فڕۆکەکە

باڵیۆزی ئێران لە کییڤ، مەنوچەهر موردادی ئاشکرایکردووە وڵاتەکەی ئامادەیە هەماهەنگی بکات لەگەڵ ئۆکراینا و وڵاتانی دیکە بۆ پشکنینی سندووقی ڕەشی ئەو فڕۆکە ئۆکراینییەی لە ئێران تێکشکێنرا، ئەگەر ئەوان بەتەنها لەوکارەدا سەرکەوتوو نەبوون. بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرمی ئۆکراینا "ئۆکرینفۆرمون"، مەنوچەهر موردادی جەختی لە پێویستیی چاوەڕوانی ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوە گشتگیرە کردووەتەوە کە وڵاتەکەی لەبارەی ڕووداوەکەوە بەڕێوەیدەبات.

موردادی ئاماژەی بەوەشکردووە، داوای لە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانیی ئۆکراینا کردووە ناونیشانی کەسوکاری قوربانییەکانیان پێببەدن تاوەکو ڕاستەوخۆ پرسەنامەیان ئاراستەبکەن، بەڵام کۆمپانیاکە بە نەرێنی وەڵامی داوەتەوە. باڵیۆزی ئێران لە کییڤ گوتووشیەتی: پێشبینی پەرچەکرداری نەرێنی دژ بە ئێران لە لایەن کەسوکاری قوربانییەکانەوە ناکەین، چونکە ئۆکراینییەکان لێیبوورددەن. مەنوچەهر موردادی ڕاشیگەیاندووە: لەئەگەری شکستهێنانمان لە پشکنینی سندووقی ڕەشی فڕۆکە ئۆکراینییەکە، ئەوکات دەکرێ لەگەڵ ئۆکراینا یان وڵاتانی دیکە ئەو کارە بکەین.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە 8ی کانوونی دووەمی ڕابردوو، فڕۆکەیەکی سەربە هێڵی ئاسمانی ئۆکراینا لە جۆری Boeing 737 کە لە فڕۆکەخانەی ئیمام خومەینی تارانەوە بەرەو کییڤ پایتەختی ئۆکراینا گەشتیدەکرد، دوای ماوەیەکی کەم لە فڕینی بەهۆی کێشەی تەکنیکییەوە لە تاران کەوتەخوارەوە. دوای ڕووداوەکەش گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەی ئێران، قاسم بینیاز ڕایگەیاندبوو کە سەرجەم 176 سەرنشینەکەی ناو فڕۆکەکەی سەربە هێڵی ئاسمانی ئۆکراینا کە لە نزیک تارانی پایتەخت کەوتەخوارەوە، گیانیان لەدەستداوە.



ئیدلب.. سوپای سووریا دەستی بەسەر 18 ناوچەی دیکەی نیشتەجێبووندا گرت

هێزەکانی سوپای سووریا کە ڕووسیا پشتیوانیان دەکات، بەردەوامن لە پێشڕەوییەکانیان لە نێو سنووورەکانی بەناو ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب و دەستیان بەسەر 18 ناوچەی دیکەی نیشتەجێبووندا گرت. هێزەکانی سووریا کە لە سوپا و ئەو گرووپانەی ئێران پشتیوانییان دەکات پێکهاتوون، بێ گوێدانە ڕێککەوتنەکانی بەناو ئاستانا و لێکتێگەیشتنەکانی سۆچی لە لە گوندەوارەکانی ئیدلب و حەلەب بەردەوامن لە پێشڕەوییەکانیان. لە ئێوارەی ڕۆژی هەینییەوە تا تا ئێوارەی ڕۆژی شەممە هێزەکانی سوپای سووریا لە هەندێک ناوچە بە پشتیوانیی ئاسمانیی ڕووسیا، 18 ناوچەی دیکەی نیشتەجێبوونیان ئازاد کرد کە لە گوند و ناحیە پێکهاتوون.

لە دەوروبەری ڕێگای سەرەکیی M5یش کە بە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلبدا تێدەپەڕێت و ناوەندی شارەکانی حەلەب و دیمەشق پێکەوە دەبەستێتەوە، هێزەکانی سووریا هەریەک لە ناوچەکانی نیشتەجێبوونی، خوێرعیس، ڕەسم عیس، ڕەسم سەهاریج، جوبکاس، ئوم عەتبە، مەریودە، تەل بجەر، کۆسنیا، شێخ ئەحمەد، تەل قەرەتین، میخالە، ئیعجاز، مەحاریم، تەلافیح، حەواری، تەل نەباریز، زاح دەدەرییەیان کۆنترۆڵکردووە.

ئەحمەد کانی ئەرکی دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ بە گرنگ و پڕ خزمەت وەسف دەکات



دوێنێ یەکشەممە 2020/2/9 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری کارگێڕانی لق و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ (نیشتیمان)، سەردانی لیوا هێرش ئەحمەد محەمەد بەرێوەبەری گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان، عەمید ئارام بورهان بەرێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر، عەمید دلێر نەجات یاسین نەجارِ بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر، موقەدەم کامل محەمەد بەرێوەبەری نشینگەی هەولێر، عەقید شوان عارەب بەرێوەبەری ڕەگەزنامەی باری شارستانی هەولێری کرد و پێشوازی گەرمیان لێکرا.

لە هەر یەک لەو سەردانانەدا، بەرپرسی لقی دوو پیرۆزبایی دەستبەرکاربوونی لەو ئەفسەرانە کرد لە پۆستی نوێیاندا و پشتیوانی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی بۆ دووپات کردنەوە لەپێناو سەرخستنی ئەرکەکانیان کە خزمەتکردنی هاوڵاتیان و پاراستنی ئارامی و تەناهی هەولێری پایتەخت و ئەو میوانانەشە کە دێنە نێو هەولێر،پێی وابوو متمانە بە توانا و لێهاتوویی ئەوان کراوەو دڵنیایی خۆشی نیشاندا لەوەی کە دەتوانن لە ئەرکەکانیان سەرکەوتوو بن.

لە بەرامبەردا، ئەو ئەفسەرانەی کە گەیشتوونەتە سەرەوەی دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە شاری هەولێر،سوپاسی پیرۆزبایی و پشتیوانی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و جەختیان کردەوە لەوەی کە لە ئاست ئەو متمانەیەدا دەبن کە پێیان دراوە.

خولی شەشەمی پەیمانگای کوردستان بۆ وتار خوێنان دەست پێدەکات



بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەمەراسیمێکدا بەبەشداری 50 مامۆستای وتاربێژی پاریزگاکانی هەرێم دەستکرا بە خولی شەشەمی پەیمانگای کوردستان بۆ پەرەپێدانی وتارخوێنان.

لەوتەیەکدا وەزیری ئەوقاف پشتیوانی وەزارەتی بۆ پێشخستنی پەیمانگای کوردستان دووپات کردەوەو رایگەیاند: لەڕێر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی گوتاری ئایینی بەهەموو توانایەکەوە هەوڵی پێشخستنی کوالێتی و بابەتە شەرعی و زانستیەکانی پەیمانگا دەدەین، لەداهاتووش بەپێ توانا هەوڵی کردنەوەی لقی پەیمانگای کوردستان لە پاریزگاکانی هەرێم دەدەین وەزیری ئەوقاف ئاماژەیی بەکۆمەڵێک خزمەتگوزاری تر کرد کەلەداهاتوو بۆ مامۆستایانی بەڕێز جێ بەجێ دەکرێن. جێگەی ئاماژەیە بەشداری پەیمانگای کوردستان بۆ وتارخوێنان دەبێتە پێوەری ووتار خوێنی لەداهاتوو بۆ سەرجەم وتار خوێنانی کوردستان.

سوپاس و پێزانین

بە ناوی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن (ئەنجومەنی سەرکردایەتی سلێمانی ـ هەڵەبجە)ی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ناخی دڵەوە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لەپرسەی هەڤاڵی بەڕێزو خۆشەویستمان (شێخ عەتا شێخ حسن) بەرپرسی دەزگامان بەشداریان کرد.

بە تایبەتی جەنابی سەرۆک بارزانی کە بە پەیامی هاوخەمی و ناردنی نوێنەری جەنابیان بەشداریان کرد، هەروەها ڕێزدار سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی بە پرسەنامەیەکی هاوخەمی بەشداریان کرد، وە بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە پرسەنامەی هاوخەمی و ناردنی نوێنەر بەشداری پرسەکەیان کرد هەروەها مەکتەبی سیاسی پارتیمان پرسەنامەیەکی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبووکرد.

وەسوپاسی گەرم وگوڕی ئەندامانی ئەنجومەن و هەڤاڵانی ئەنجومەن وبەرپرس و هەڤاڵانی لقەکانی 4، 11، 12، 21، لە هەردوو مەراسیمی بە خاک سپاردن و پرسەکەدا بەشداریان کرد، وەسوپاسی تێکرای هەڤاڵانی پارتیمان و بەرپرسانی لایەنە سیاسیەکان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکان ودام ودەزگا حیزبی و حکومیەکان و مامۆستایانی ئایینی و شێخانی سادات و کەسایەتیەکان و جەماوەری دڵسۆز دەکەین.

هەروەها سوپاسی خانەوادەو خزمانی هەڤاڵی کۆچکردومان دەکەین،سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لە دەرەوەی وڵات و ناوخۆی کوردستان لە ڕێگای نامەو تەلەفۆنەوە هاوخەمی خۆیان دەر بڕیوە، ئەو بەشداری و هاوخەمی و هاوسۆزیە گەرم و گوڕە ئارامی و دڵنەوایی پێ بەخشین لە خەم و ئازاری ئەم کۆستەی کەم کردینەوە لە یەزدانی مەزن و دلۆڤان داواکارین پاداشتی خێریان بداتەوە.

بەرپرسێ لقا ئێک سەردانا کادرێن دێرین دا




سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا کارگێرێ لقێ و هەر ئێک ژ بەرپرسێن لژنێن ناوچێن کوماتە و ئاشتی سەرا هەر دوو کادرێن دێرین (یاسین ئاڤدل و عەبدوڵا مشەختی) دا و ژنێزیک ڤە هایداری ڕەوشا تەندروستیا وان بۆ و ئامادەبونا خوژی بۆ هەر هاریکاری و پیتڤیەکێ بو وانا دا دیارکرن، وان ژی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژبو ڤێ سەردانێ.

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین پێشوازی لە شاندێکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان کرد



پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین پێشوازی لەشاندێکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان کرد. ئەمەو لەدانیشتێکدا باس لەپرۆسەی خوێندن بەگشتی کرا و جەختکرایەوە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی لەزانکۆکانی کوردستان، هاوکات باس لە تاقیکردنەوەی توانستی خوێندنی باڵا و کەمپی زانکۆی سەلاحەدین کرا، ئەمەو سەرۆک و جێگر و ئەندامانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا باسیان لەوە کرد کە لەماوەی ئەم خولە پەرلەمانییە هەوڵ دەدەین کەمپی زانکۆی سەلاحەدین بەردەوام باسی لێبوە بکرێ لەنێوەندی پەرلەماندا، تا ئەو کاتەی دەچێتە واری جێبەجێکردن و دەستکردن بەکار لە پرۆژەی کەمپی زانکۆدا، لەلای خۆیەوە سەرۆکی زانکۆ هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەکی پەرلەمانی کوردستانی بەرز نرخاند تا پرۆژەی کەمپی زانکۆ بچێتە واری جێبەجێکردنەوە، چونکە زانکۆی سەلاحەدین بەگەورەترین زانکۆی کوردستان دەژمێردرێ و زانکۆی دایکە.

هزار و 310 کەس ل دهۆکێ تووشی نەخۆشیا پەنجەشێری بووینە



خەبات ـ دهۆک

ڕێڤەبەریێ سەنتەریێ چارەسەریا پەنجەشێری ونەخۆشیێن خوینێ ل دهۆکێ دیارکرکو ل دهۆکێ هزار و 310 کەس تووشی نەخۆشیا پەنجەشێریێ بووینە ژوانا 592 ڕەگەزێ نێر بووینە و 715 ژی ئافرەت بوون و یێن دی زاروک بووینە و ژ ڕۆژا 2019/1/1 هەتا 2020/2/4ێ ل دهۆکێ463 کەسان ژبەر نەخۆشیا پەنجەشێریێ گیانێ خوە ژدەستدانینە لێ ب شێوەیەکێ گشتی ڕەوشا نەخۆشان گەلەک باشترە ژ سالێن بۆری چونکو نوکە ل دهۆکێ هەموو پشکنینێن وئامیرێن دەست نێشانکرنا نەخۆشیێ هاتینە دابینکرن و خزمەتا نەخۆشان دهێتە کرن.

د. نزار عسمەت، ڕێڤەبەریێ گشتی یێ ساخلەمیا پاریزگەها دهۆکێ دیارکرکو مە پلانەکا گونجایی هەبوو بۆ دروستکرنا نەخۆشخانەکا 100 تەختی بۆ نەخۆشین پەنجەشێری ل دهۆکێ ب هەموو جۆران ڤە ل سالا 2013ێ بەرێ بنیاتی بۆ هاتیە دانان و دیزاین ژی ب دوومایی هاتیە هەروسا کار ژی لسەر جهی هاتیە کرن داکو بهێتە ئافاکرن و سالا 2014ێ پرۆژە هاتیە ڕاوەستاندن و مە داخواز ژ وەزارەتا تەندروستی کریە پارێ گونجایی دابینبکەت کو ئەو نەخۆشخانە ب دوومایی بهێت و پەرلەمنتارێن مە ژی ل عێراقێ پشتەڤانیا مە کریە و شیاینە کوژمەکێ پارەی دابینبکەن بۆ دروستکرنا سەنتەرەکی بۆ چارەسەریا پەنجەشێرا زارۆیان و چاندنا مەژیێ هەستی بتایبەتی بۆ نەخۆشێن تالاسیمیا..

ناڤهاتی زێدەتر گۆت: ل گۆری ستاندەرێن جیهانی ژی هەتا نوکە نەخۆشین پەنجەشێری ل دهۆکێ ژوێ ڕێژێ دەربازبوونە وتەکەز کر کو پلانا ساخلەمی نە بتنێ چێکرنا ئاڤاهیانە بەلکو ستاف بهێنە مەشقدان بۆ وێ چەندێ نەخۆشین دهۆکێ بەرەڤ پاریزگەھ و دەولەتان نەچن بو چارەسەریێ. د. زەکی عەلی دیارکرکو هندەک ئەگەر هەنە مرۆڤ دشیت کونترول بکەت وەکو ژینگەھ و خارنی و ڤەخارن و هندەک ئەگەر جینەتی نە وهەموو جۆرێن پەنجەشێری تونذ نینن لێ نەخۆشیا قولونێ و سینگی دباش نینن پێدڤیە زوو بهێنە چارەسەرکرن، ل دهۆکێ دەست نیشانکرنا ڤێ نەخۆشی هەیە و ئەم کاردکەین باشتر دەرمان بگەهنە دهۆکێ لێ نەخۆشیا پەنجەشێری ژی وەکو هەموو نەخۆشین دی یە خەلک وەسا هزردکەن هەما پەنجەشێر مرنە، نەخێر نوکە چارەسەری هەیە ل دهۆکێ چەندین ئامیرێن نوو هاتینە دابینکرن و دەرمان و پێدڤین ڤێ نەخۆشی ژی دابینکرینە.

بەهۆی بەستەڵەک و بەفرباریین ڕێگای هاتووچۆی حاجی ئۆمەران داخرا

داوا لە شۆفێران و گەشتیاران دەکرێت بۆ کارێکی زۆر پێویست نەبێت ڕێگای حاجی ئۆمەران نەگرنەبەر

بەهۆی ئەم شەپۆلە بەفرەی ناوچە شاخاوییەکانی گرتۆتەوە، پلەکانی گەرما لە سنووری حاجی ئۆمەران بۆ 9ـی ژێر سفری سیلیزی نزمبووەتەوە، ئەمەش هاتووچۆی گەشتیاری و بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران داخست.

لەم بارەیەوە سیروان حوسێن، گوتەبێژی کۆمەڵگەی سنووری نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: بەهۆی نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما و هاتنی شەپۆلێکی سەرما و بەفرباریین هاتوچۆی گەشتیاری و بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئێران لە سنووری حاجی ئۆمەران داخراوە.

ڕاشیگەیاند: تیمەکانی بەفرامالێن بەردەوام خەریکی ڕامالینی بەفر و پڕاندنی خوێن لەسەر ڕێگاکە، بەڵام لە دیوی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاستەنگی هاتوچۆ لە ڕێگای پیرانشار دروست بووە و ڕێگاکان درخراون.

هاوکات ڕائید ئیبراهیم عەبدوڵا، ئەفسەی پۆلیسی هاتووچۆ لە حاجی ئۆمەران ڕایگەیاند: بەهۆی کڕێوە و بەستەڵەک ڕێگای سەرەکی چۆمان-حاجی ئۆمەران ئاستەنگی بۆ دروست بووە و ئۆتۆمبێلەکان زۆر بە زەحمەت دەگەنە حاجی ئۆمەران.

گووتیشی: هەرچەندە هیچ ڕووداوێکی پێکدادان ڕووی نەداوە، بەڵام تیمەکانمان سەرقاڵی پێدانی ڕێنمایین بە شۆفێران بۆ ئەوەی ڕێنمایەکانی هاتووچۆ پەیڕەو بکەن و بەبێ بەستنی زنجیر گەشت نەکەن.

هەروەها بەرپرسی بنکەی هاتووچۆی حاجی ئۆمەران ئاماژەی بەوەشکرد: دوێنێ دوو تیممان لەسەر ڕێگای حاجی ئۆمەران تەواوی ئەو ئۆتۆمبێلە نزمانەیان گەڕاندۆتەوە کە بەبێ زنجیر بەنیاز بوون سەردانی سنووری حاجی ئۆمەران بکەن، داواش لە گەشتیاران و شۆفێران دەکات بۆ سەلامەتی گیانیان، پابەندی ڕێنمایەکانی هاتووچۆ بن و بەبێ دابینکردنی کەلوپەلی پێویستی ناو بەفر بە ئۆتۆمبێلەکانیان ڕێگای حاجی ئۆمەران نەگرنەبەر تا کەش و هەوا ئاساییی دەبێتەوە.



مانگانە 1000 جۆری دەرمان لە کوالیتی کۆنترۆڵ پشکنینیان بۆ دەکرێت

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی: پشکنینی دەرمان بەشێوەیەکی زانستی دەکرێت

هاوواڵتیان: دەرمانی کوالیتی نزم لە دەرمانخانەکان زۆرە

ڕیپۆرتاژ: فاتیح بەرزنجی

ئەگەرچی هێشتا لە دەرمانخانەکاندا دەرمانی کوالیتی نزم هەیە و ڕۆژانەیش تیمەکانی چاودێری تەندروستی و لە مەرزە سنووریەکاندا دەست بەسەر دەمانی ماوەبەسەرچوو و کوالیتی نزم دەستیان بەسەردا دەگیرێت، بەاڵم لەوتەی کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان لەکوردستان دامەزراوە تا ڕادەیەک دەرمانی کوالیتی خراپ و کوالیتی نزم ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە، بەگوتەی "دکتۆر گۆران ڕۆژبەیانی" بەڕێوەبەری کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان، بەهۆی ئەو تاقیگە پێشکەوتووانەی کە لەکوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان هەیە ڕۆژانە چەندین جۆری دەرمان پشکنینیان بۆ دەکرێت، ئەو پشکنینانەش لەکوردستان و سەرتاسەری عێراق باوەڕ پێکراوە.

بەڕێوەبەری کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان لەوەزارەتی تەندروستی ڕوونیکردەوە: بەرلەوەی ئەو دامەزراوەی پشکنینی دەرمان دابمەزرێت، ڕۆربەی ئەو دەرمانانەی کەلەبازاڕەکانی کوردستان بەرچاو دەکەوتن، ئەو دەرمانانە بوون کە کوالیتیان خراپ و نزم و لەڕێگەی قاچاغ و بەبێ تۆمارکردن وپشکنین و چاودێری دەهێنران و دابەشدەکران، بەاڵم دوای دامەزراندنی (کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پشکنینی دەرمان بەهۆی ئەو ئامێرە پێشکەوتووانەی کە بۆمان دابینکرا لەڕێگەی (وەزارەتی تەندروستی)ەوە، توانرا پشکنینەکانی تاقیگەیی بایەلۆژی و کیمیاوی بۆ دەرمان ئەنجامبدرێت، کەپێشتر پشکنینی دەرمان بە شێوەیەکی زانستی ئەنجامنەدەدرا، ئەگەرچی لەبەغدا چەندین سالّە وێڕای هەبوونی کارگەی دەرمان بەشێوەیەکی زانستی کاری پشکنینی دەرمانی دەکرد، کاری پشکنینی دەرمان بەشێوەی زانستی لە پێناو سەلامەتی هاووڵاتیانە، بۆیە حکوومەتی هەرێم لە ڕێگەی (وەزارەتی تەندروستی)ەوە هەوڵی دامەزراندنی کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمانیدا بۆ ئەوەی چیتر دەرمانی کوالیتی نزم و خراپ نەیەتە بازاڕەکان و بەشێوازی زانستی وستانداردی جیهانی پشکنین بۆ دەرمان بکرێت، ئێستا توانای کۆنترۆڵی دەرمانی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆتەوە ومانگانە زیاتر لە 1000 جۆری دەرمان پشکنینیان بۆ دەکرێت، لەحاڵەتێکدا پێشتر مانگانە نزیکەی 500 جۆری دەرمان پشکنینیان بۆ دەکرا،لەهەوڵی ئەوەداین کە پشکنینی دەرمان بەرز بکەینەوە.

حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی و خودی وەزیری تەندروستی زۆر هاوکار و هەماهەنگن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی و چاودێری و دڵنیاکردنەوەی هاووڵاتیان لە دەرمانی کوالیتی نزم و خراپ.



کۆنترۆڵی دەرمان.

پرۆسەی دانانی نرخی دەرمان قۆناغێکی باشی بڕیوە

دکتۆر گۆران ڕۆژبەیانی دەربارەی دانانی نرخ بۆ دەرمان گوتی: دیارە ئەو پرۆسەیە قۆناغێکی باشی بڕیوە و زیاتر لە 8000 بەرهەمی دەرمانسازی لەسەر ستانداردی جیهانی و وڵاتانی دراوسێیەوپرۆسەکە دووبارە دەبێتەوە، ئەو کۆمپانیایانەی نرخیان بۆ دانراوە دووبارە نرخیان بۆ دادەنرێتەوە،لە هەر شوێنێک نرخ گرانبێت، ئەوا بەدواداچوونی بۆ دەکەین و کاریش لەسەر سکاڵاکان دەکەین، وەزارەتی تەندروستیش کار بۆ ئەو مەبەستە دەکات و کارێکی دیکەی دامەزراوی کۆنترۆڵی دەرمان بەسیستەمکردن و داتاپیسی ئەلیکترۆنی کردنی دەرمان بوو ، جگەلەوە یەکەمین دامەزراوەی حکومی بوو لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان کە بە سیستمی ئەلیکترۆنی کاری کردووەو لەڕێگەی ئەو سیستمە ئەلیکترۆنییەوە هەموو مامەڵەکانی ئەو دامەزراوە و کۆمپانیاکان بەخێرایی ڕایەدەکات. ژمارەیەک کۆمپانیای بواری دەرمان مۆڵەتیان پێدراوە و لەلایەن (کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان)یشەوە چاودێری دەکرێن، لەماوەی ساڵانی ڕابردووشدا چەندین تەن دەرمانی ساختەو قاچاغ دەستیان بەسەردا گیراوە و چەندین کۆگاو دەرمانخانەو شوێنی نایاساییش داخران و سزا دراون، ئەوەو کۆمپانیایانەی کە دەرمان هاوردە دەکەن بە چەند قۆناغ و فلتەرێکدا تێپەڕدەبن و بەوردی سەیری نمونەی کوالیتی دەرمانەکە دەکرێت تا لەنزیکەوە بزانرێت لە کامە وڵات بەرهەمهاتووە، بەدڵنیاییەوە ئەو دەرمانە دووبارە پشکنینی بۆ دەکرێتەوە(وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم) پلانی دامەزراندنی دامەزراوەی دەرمان و خۆراکە، ئەگەر ئەو پرۆژەیە ئەنجامبدرێت هەنگاوێکی زۆر گرنگ و پڕلە بایەخە و بۆ زیاتر گرنگیدان بەبواری دەرمان لە فرۆکە خانەو دەروازەکانیش لیژنەی تایبەت بۆ پشکنین دانراوە و هەموو جۆرە دەرمانێکیش ستیکەری لێدەدرێت.

عومەر سەلام هاووڵاتییەکی هەولێرە و دەڵێت: دەرمانی ماوەبەسەرچوو و کوالیتی نزم لە دەرمانخانەکان زۆرە، ئەگەریش وانییە بۆچی هەندێک دەرمان لە هەمان مادە و پێکهاتە و کۆمپانیا بەرهەم دەهێنرێت و نرخەکانیشیان جیاوازە.؟

حاجی محەمەد لەنزیک دەرمانخانەیەک خەریکی کڕینی دەرمان بوو گوتی: زۆربەی دەرمانەکان نرخیان گرانبوون، پێویستە وەزارەتی تەندروستی هەرێم نرخەکان یەکبخات تا هەر دەرمانخانەو بە ئارەزووی خۆی نرخی دەرمان گرانەکات.

"نازم کەریم" گوتی: دایکم نەخۆشەو نرخی دەرمانیش زۆر گرانن، داوا لە وەزارەتی تەندروستی دەکەین کە پەلە بکات بۆ دانانی نرخ بۆ دەرمان، هەرچەندە نرخی هەندێ دەرمان باشەو جێی گلەیی نییە ، بەاڵم بەگشتی پێویستە چاو بەنرخی دەرماندابخشێنرێتەوە.

بەهۆی جگەرەکێشانەوە ساڵانە زیاتر لە هەشت ملیۆن کەس گیان لەدەست دەدەن

کۆماری کیریباس ژمارەی دانیشتووانی 116 هەزار کەسە و 52.4%ی دانیشتووانەکەی جگەرە دەکێشن

خەبات

بەهۆی ئەو نەخۆشییانەی کە لە ئەنجامی جگەرەکێشان تووشی کەسانی جگەرەکێش دەبن، ساڵانە زیاتر لە هەشت ملیۆن کەس لە سەرتاسەری جیهان گیان لەدەست دەدەن، هەروەها نیوەی کەسانی ئالودەبوو بە جۆرەکانی توتن لە ئەنجامی کێشانی، گیان لەدەست دەدەن.بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە دەستی کەوتوون، کۆماری کیریباس لەسەرووی ئەو وڵاتانەی جیهان دێت لە ڕێژەی ئالودەبوون بە کێشانی توتن لەنێو هاووڵاتییانیدا.

ڕێژەی کەسانی جگەرەکێش لەو وڵاتەدا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی 116 هەزار کەسە، 52.4 لەسەدایە، و ڕۆژانە 200 کەس بەهۆی ئەو نەخۆشییانەی کە لە ئەنجامی جگەرەکێشان تووشی دەبن، گیان لەدەستدەدەن.

کۆماری ناوروو لە ڕیزبەندیی دووەم دێت و ڕێژەی کەسانی جگەرەکێش تیایدا ،47.5 لەسەدا، دوای ئەو سڕبیا دێت بە 41.65 لەسەدا و ڕووسیا بە 40.90 لەسەدا و ئوردن بە 40.45 لەسەدا و ئیندۆنێزیا بە 39.90 لەسەدا، هەروەها تورکیا لە ڕیزبەندی 40هەمین دێت لەسەر ئاستی جیهاندا بە ڕێژەی 25.95لەسەدا.

هەر بەپێی زانیارییەکان، ژمارەی کەسانی جگەرەکێش لەسەر ئاستی جیهان دەگاتە ملیارێک و 100ملیۆن کەس و لەسەدا 80ی ئەو کەسانەدا لە وڵاتانی کەم داهات و داهات مامناوەندان.

جێی ئاماژەیە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵی 1987ەوە ساڵانە لە ڕۆژی 9ی شوباتدا یادی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان دەکاتەوە.







خواستی خەڵک لە پڕۆژەیاسای خانەنشینی یەکگرتوو

خەبات: تریفە ئازاد

یەکێک لە هەنگاوەکانی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی نۆیەم کە بەڵێنی پێ دابوو، بڕیتییە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی کوردستان. بێگومان چینی خانەشینان کە چینێکی بەپێز و خەباتکار و بەخشندەی کۆمەڵگان و گەشتوونەتە لوتکەی بەخشندەیی خۆیان، بۆیە پێویستە حکوومەت و کۆمەڵگا هەموویان یەک دەنگ بارتەقای خزمەت و بەخشندەیی ئەوان، پاداشتی خەبات و خزمەتیان بداتەوە، ئەمەش چاکە و خێرێک نییە کەبەم چینە دەکرێ، بەڵکو مافێکی ئاسایی و یاسایی خۆیەتی کە بۆیان دەگەڕێتەوە. بێشک هاوکاری و هەماهەنەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم چینە خەباتگێرە (خانەنشینان) جێگای ڕێز و ستایشە.

دەبێت پەرلەمان بە زووترین کات دەست بە چاکسازی بکات

بۆ زانینی ڕا و بۆچوونی خانەنیشان لەسەر پڕۆژە یاسای خانەنشینی یەگرتوو کە بڕیارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دای بهێنێت، سەردانی پارکی (باغی شار)ی بازارمان کرد لە سەنتەری هەولێری پایتەخت و لەوێ چاومان کەوت بە خانەنشینێکی بەرێز بە ناوی (خالید) کە سالانێکی زۆر خزمەتی بە فەرمانگە و دەزگاکان کردووە. **لە بارەی پڕۆژە یاسای خانەنیشنی یەکگرتوو بەڕێز (خالید) لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:** ئێمە سالانێکی زۆر خزمەتمان هەبووە، کەچی موچەی خانەنیشینەکەم دووسەد هەزار دیناڕە، ئەوەی کەی عەدالەتە، بەڕاستی ئەم بڕە موچەیە زۆر کەمە بۆ ئێمە، چونکە ئێمەش خاوەنی مال و منداڵین. گوێم لێبووە دەڵێن گوایە یاسایەک دەردەچێت بۆ خانەشینان، شتێکی باشە ئەگەر دەرچێت... بەڵام ئەگەر لەم یاسایەدا نزمترین بڕی موچەی خانەنشین لە چوارسەرد هەزار دینار کەمتر بێت،ئەوا یاساکە باش نییە و لە ئاستی باری ژیانی ئێستادا نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گلەیەمان هەیە، بۆچی پەرلەمنتارەکان



خانەنشین (خالید):

ئەگەر لەم یاسایەدا نزمترین بڕی موچەی خانەنشین لە چوارسەد هەزار دینار کەمتر بێت،ئەوا یاساکە باش نییە!

خانەنشینیان زۆر بێت؟! و هەیانە تەنها چوارسالّ دەوامە دەکات و موچەی خانەنشین زۆریان هەیە...، بۆچی ئێمە زیاتر لە بیست سالّ خزمەتمان کرد و تەنها دووسەد هەزار وەرگرین. بۆیە دەبێت پەرلەمان بە زوترین کات دەست بە چاکسازی بکات... جارێک دەبێت لە (بن دیوارەکان) دەست پێبکات و ئەندامانی پەرلەمانیش بەم پارە زۆرە خانەنشین نەکرێن و پاش هەزار بکەم ؟!! بۆیە هیوا خوازم لەداهاتوو حکومەت مافمان بدات و چیتر غەدرمان لێنەکرێت و بتوانین بژین.

خانەنشین بە پسپۆری یونس ڕەشید، خانەنشینێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە ماوەی 42 سالّ خزمەتی تەواوبوونی خولی پەرلەمان دەبێت ئەندام پەرلەمانەکە بچێتەوە سەر کاری پێشووی خۆی. من هەموو گیانم نەخۆشییە چی لە دووسەد هەزار بکەم ؟!! بۆیە هیوا خوازم لەداهاتوو حکومەت مافمان بدات و چیتر غەدرمان لێنەکرێت و بتوانین بژین.

خانەنشین بە پسپۆری یونس ڕەشید، خانەنشینێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە ماوەی 42 سالّ خزمەتی کوردستان کردووە شەقی بەعسمان خواردووە... ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرمان بۆ بەعس نەوی نەکرد... دژیان وەستاین، تا گەیشتین بە ئەمرۆ. ناکرێت تۆ ئەندام پەرلەمان بیت تەها بۆ ماوەی چوار سالّ و خانەنشین بیت بە 6 ملیۆن... کەچی منیش 42 سالّ بە چوارسەد هەزار خانەنشین بم، ئەوە کەی عەدالەتیە.... بەڕاستی ئەو یاسایەی کە ئامادەکاری بۆ کراوە پێویستە مافی هەموو خانەنشینیان دابین بکرێت .

پێویستە لەم یاسایە بە شێوەیەکی زۆر باش جێگای بۆ بکرێتەوە

محەمەد شێخانی(فەرمانبەری پسپۆر لەبواری ژمێریاری و وردبینی):

لەهەرێمی کوردستان کار بە چەندین یاسای تایبەت بە خانەنشینی دەکرێت و بەو هۆیەوە گرفت لە جیاوازی موچەی خانەنشینی دروست بووە



محەمەد شێخانی(فەرمانبەری پسپۆر لەبواری ژمێریاری و وردبینی): لە ئێستادا چەندین یاسای تایبەت بە خانەنشینی هەیە کە هەندێکیان کۆن و هەندێکیان نوێ کراونەتەوە، بۆیە پێویستە یاسایەک دابنرێت کە هەموو ئەو یاسایانە کۆبکاتەوە و بەیەکەوە ببەسترێتەوە، بۆ ئەوەی کێشەی جیاوازی موچەی خانەنشینان نەمێنێت.

خانەنشین (یونس ڕەشید): ئاخر مامۆستا هەیە قورسترین وانە دەڵێتەوە کە کیمیا و فیزیایە، کەچی شوفێرێک بە (خەبیر) خانەنیشین دەکرێت!

مامۆستایی هەبووە و ئێستاش خانەنشین بووە، کەچی ئێستا بارتەقای خزمەتەکەی موچەکەی کەمە و لە ئاست بژێوی ژیانی ئەمڕۆی کوردستان نییە، بۆیە (یونس ڕەشید) داوا دەکات کە؛ موچەی خانەنشینی ئەوانیش هاوتای موچەی خانەنشینی حکومەتی عێراق بکرێت، یاخود ئەو یاسایەی کە وا بڕیارە دەربچێت مافیان نەخورێت و بەچاو بگیرێت و موچەکەیان زیاد بکات و عەدالەتی هەبێت بە پێ سالّی خزمەت و دەبێت لەپڕۆژە یاساکە ئاماژە بەوە بکرێت کە دەبێت بەپێ سالّی خزمەت و بڕوانامە ئەو کەسانە خانەنشین بکرێن، خانەنشینەکەش ئەوەندە جیاواز نەبێت لەگەڵ حکومەتی بەغدا، یان دەبێت خانەنشینەکانیش بەپێ پسپۆڕی بابەتەکان لەبەرچاو بگیرێ، خانەنشین (یونس ڕەشید)دەڵێت: ئاخر مامۆستا هەیە قورسترین وانە دەڵێتەوە کە کیمیا و فیزیایە و کەچی شوفێرێکیش بە خەبیر بکرێت...ئێمە هەموو کوردایەتیمان کردووە شەقی بەعسمان خواردووە... ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرمان بۆ بەعس نەوی نەکرد... دژیان وەستاین، تا گەیشتین بە ئەمرۆ. ناکرێت تۆ ئەندام پەرلەمان بیت تەها بۆ ماوەی چوار سالّ و خانەنشین بیت بە 6 ملیۆن... کەچی منیش 42 سالّ بە چوارسەد هەزار خانەنشین بم، ئەوە کەی عەدالەتیە.... بەڕاستی ئەو یاسایەی کە ئامادەکاری بۆ کراوە پێویستە مافی هەموو خانەنشینیان دابین بکرێت .

پێویستە لەم یاسایە بە شێوەیەکی زۆر باش جێگای بۆ بکرێتەوە

محەمەد شێخانی، (فەرمانبەری پسپۆر لەبواری ژمێریاری و وردبینی) لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لە هەرێمی کوردستان کار بە چەندین یاسای تایبەت بە خانەنشینی دەکرێت و بەو هۆیەوە گرفت لە جیاوازی موچەی خانەنشینی دروست بووە. سەبارەت بە یەکخستنی هەموو یاساکان و دارشتنی یاسایەکی یەکگرتوو بۆ تەواوی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان پێویستە لە خانەنشین بوونی بەرزترین پلەی وەزیفی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە تا فەرمانبەرێکی ئاسایی جێگای بۆ بکرێتەوە ئەو کات دادپەروەریەکی تەواو دروست دەکات وە پێویستە مەرجی تەمەن کەمبکرێتەوە بۆ 60 سالّ تەمەنی خانەنشینی بە زۆرە ملێ و 45 سالّ تەمەن و 15 سالّ خزمەت بۆ خانەنشینی ئارەزوومەندانە، بۆ ئەوەی هەلی کاری زیاتر هەبێ بۆ دەرچوانی زانکۆکان وە کەمترین موچەی خانەنشینی دیاری بکرێت بە موچەیەکی خانەنشینی زۆر باش کە فەرمانبەر بتوانێ دوای خانەنشین بوونی بەو موچەیەی مانگانە پێی بژیێت. سەبارەت بە پاداشتی مۆڵەتی کۆکراوەی فەرمانبەری خانەنشین کراو کە لە ئێستادا (6) مانگ لە موچە بنەڕەتیەکەی دەدرێتە فەرمانبەر، پێویستە

هۆشمەند ڕەفیق (مامۆستای زانکۆ): ئەو پڕۆژە یاسایەی ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری لەسەر دەکرێت، ئەگەر لەلایەن پسپۆڕانی ئابووری و یاساییەوە کە هیچ پۆستێکی حکومییان نەبێت بنووسرێتەوە، ڕەنگە دادپەروەری زێتر تێدا بێت



گوتی: لە ئێستادا هەرێمی کوردستان پێویستی بە یاسایەکی یەکگرتووی دادپەروەری خانەنشینی هەیە، تا لە ژێر سێبەری ئەو یاسایەدا سیستەمێکی خانەنشینی سەردەمیانە دابنێت، هەموو لایەک تێیدا سوودمەندبن و چیتر داهاتی هەرێمی کوردستان بە فیڕۆ نەڕوات، چونکە لە ماوەی (8) کابینەی ڕابردوودا بەهۆی ئەو دۆخە ناجێگیرەو ململانێییە سیاسیە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەبووە کە هەر یەکێک وێستیویەتی لە کێکی حکومەت پشکی هەبێت و خانەنشینیش بەشێک بووە لەکێکە و هەموولایەک تێیدا بەشداربوونە، بۆیە ئەگەر ئەو پڕۆژە یاسایەی ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری لەسەر دەکرێت، لەلایەن پسپۆڕانی ئابووری و یاساییەوە کە هیچ پۆستێکی حکومییان نەبێت بنووسرێتەوە و ئامادە بکرێت، ڕەنگە دادپەروەری زێتر تێدا بێت، لەوەی کەسانێک پۆستیان هەبێت بینووسنەوە، لەبەرئەوەی ئەوەی هەموویان بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاو دەگرن بۆ کاتی خانەنشینی خۆیان و کالا بە بالای خۆیان دەدوورن. لە هەمان کاتدا یاسای خانشینی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان ئەگەر پەسەند بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردن، ئەوە هەنگاوێکی باشەو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت و مافی خانەنشینیانی شایستە نافەوتێت بە مەرجێک ئەو یاسایە ئەم خالانەی خوارەوە لە خۆبگرێت، ئەوکاتە ناوی لێدەنرێت چاکسازی لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو:

1- بڕی موچەی خانەنشینکراوانی ناشایستە...؟!.

2- بڕینی موچەی هەموو ئەوانەی کە کۆچی دواییانکردووە بۆیان کراوە بە شەهیدانە، لیستی موچەی شەهیدانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان شاهێدی ئەم ڕاستیەن.

3- هەڵوەشانەوەی موچەی خانەنشینی هەموو ئەو کەسانەی کە بە بێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خزمەتی وەزیفیان کردبێت چ لە سلکی سەربازی یا مەدەنی کە ئەوە بەشێکی زۆری داهاتی کوردستانی هەدەر داوە.

4- دادپەروەری لە موچەی خانەنشینی هەبێت، بە جۆرێک بە پێی بڕوانامەو سالانی خزمەتی وەزیفی بێت ئەو بڕەی دیاری دەکرێت، بۆ ئەمەش دەکرێ سوود لە یاسای خانەنشینی عێراقی فیدڕاڵ یا ولاتانی دیکەی دەوروبەر وەربگیردرێت بە گونجاندن لەگەڵ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمی کوردستان کە هەر کەسێک خانەنشین دەبێت ڕەچاوی گووزەرانی بکرێ.

5- موچەی خانەنشینی هەموو پلە بالاکان بەگشتی کەمبکرێتەوەو نزیک بکرێتەوە لەگەڵ موچەی چین و تویژەکانی دیکە کە بە ماندووبون و خزمەت بە پێی یاسا خانەنشین دەبن.

6- لەیاساکەدا ئاماژە بەوە بکرێت لە هیچ دۆخێکدا نابێت دەست بۆ موچەی خانەنشینان ببرێت و بکرێتە خەرجی حکومەت.



مەرجەعیەتا دابڕی ژ کەتواری



خالد ئەحمەد هادی

ژیەرتوکا (کفاحی) یا ئەدولف هیتلر دبێژیت (ئەو گەلێ نە هیتە هژمارتن کو هشیاریا سیاسی لدەف نەبیت چ جاران نەشێن نوینەرێن خو بێن راستەقینە ب هەلبژێرن). هەمی پەرتوکێن ئاسمانی و ئایینێن جیهانێ بەرێ مروڤان و مروڤاتیێ دایە کار و کریارێن چاکیێ و هەبونا ئایینان و هاتنا ڤان پەرتوکێن پیرۆز بتنێ بو وێ چەندێ یە کو مروڤایەتی بهێتە پاراستن ودادپەروەری یا جیهانی بەربەلاف ببیت وئەگەر لێنێرینەکێ ل ناڤەروکێن پەرتوکێن ئاسمانی بێن پیرۆز بکەین دێ بو مە دیار بیت کو هەمیان ئاراستەیا خو کریە ئەڤ چەندا مە لسەری دیار کری دویرکەفتن ژ کوشتن وزولم وستەم وهەمیان دیار کریە کو خو ژکار وکریار وشیاشیان دویر بکەن ومروڤاتیێ ب پارێزن چونکە خودایێ هەمیان ئێکە. ژبەر دانانا کەسانێن خراب وخودان بەرژەوەندێن تایبەت ئاراستەییێن خو گوهارتن ژ دادپەروەریێ بەرەڤ زولم وستەم وخرابکاریان ڤە چون وب هەمی ریکان کار کرن دا کو پتر بەرژەوەندی بدەست ڤە بهێن تا گەهشتیە وی رادەیی کو ئایین وپەرتوکێن پیرۆز بو ڤان کارێن خراب بکار ئینان ودوژمناتیا یێ بەرامبەر کرن وئایین وپەرتوکێن پیرۆز بەرەڤ ئاراستەیا خرابکاریێ بکار ئینان وئەنجام ژی پارت ولایەن وکومەل وگوروپ ومەرجەعیەت دروست بون وجوداهیەکا زور مەزن وبەرچاڤ کەفتە دناڤا ئایینان دا وبتایبەت ئایینێ ئیسلامێ کرنە پەرت وپەلا ومەزهەب ومەرجەع دروست بون وب شێواز و رەنگێن جودا. دکەڤندا کەنیسێ دەستهەلات دکر ل روژئاڤایی وهەر دیسا ل روژهەلاتی ژی مزگەفتان دەستهەلات هەبو لێ دەستهەلاتێ سیاسی وئایینی فەرە بهێتە جودا کرن دا کو مینا نوکە تێکەلیا دەستهەلاتی دروست نەبیت و بلا سیاسەت وئایین تێکەلی هەڤدوو نە بن ودێ بو هەر لایەکی باشتر بیت. لدەمێ دەستهەلات بویە شاهاتی وپاشان کوماری وپاشان دەستهەلات کەفتیە دەستێن هندەک نەفاما دا بو نمونە ل عیراقی سەددام وبەعسی یا ول یەمەن عەلی عەبدوللا سالح ول ئیرانێ رزا شاه پەهلەوی ول سوریێ حافز ئەسەد ول مسرێ حسنی مبارک ول تونس زین ئەلعابدین بن عەلی ول ل یبیا موعەمەر قەزافی ول سودان عومەر ئەل بەشیر ول جەزائیر عەبدولعەزیز بوتەفلیقە و حزبوللاه یا لبنانی حەسەن نەسروللاه ول تورکیا لبن سیبەرا گەنی یا ئەتاتورکی. ئەڤان ناڤێن مە باس کرین وپتریا وەلاتێن روژهەلاتا ناڤەراست ب زمانێ چەکی وشیری وزولم و ستەمێ لگەل مللەتێ خو وخەلکێ خو دئاخڤن وهەمیان پێکڤە کار دکر ژبو چەوساندنا خەلکێ خو وبێ بەهر دکر ژئازادی وراددەبرینێ وئەنجامێن ڤێ زولم وستەمێ دەنگێن نەرازیبونێ وکاروانێن رەڤینا تەخێن جودا جودا دروست دبون ئەو دەستهەلاتدار دبونە گورگێن هار . ژئەگەرێن هشیاریەکا سیاسی ومایتێکرنێن دەرەکی و یێن وەلاتێن زلهێز وبوهارا عەرەبی قونەغەکا دی یا حوکمرانیەتێ دروست بوو، ئەو دەستهەلات هاتنە گهورین و هندەک دەستهەلاتدارێن دی هاتنە دگورەپانا سیاسی یا وان وەلاتان دا. لێ عەقلیەت و سیاسەتا وانان زور خرابتر بون ژیێن بەراهیکێ، چونکە یێن بەراهیکێ لسەر یەک ئاراستە بوون لێ دەستهەلاتدارێن نوی گرێدایی ئەجندایێن دەرەکی وبتایبەت گرێدایی مەرجەعیەتێن ئاینی ێن جودا جودا بوون و لدەڤ مەرجەعیەتێن ئاینی ژی بتنێ دکەڤنە ناڤا بازنەکێ گرتی دا ژکەتواری ب شێوەکێ دوماهیک دهێنە برین وبتنێ ژڤوناغێن تیرورا دەولەتێ دکەڤنە دتیروا دەولەتەکا دی دا وپتر دەزگایێن هەوالگێری وئەمنی و ودەزگایێن نهێنی دروست دبن وخەلکی ب هەمی ریک وشێوازان ئەشکەنجە وگرتن وزیندان ولدوماهیکێ کوشتن وسێدارەکانا دگەلدا دکەن وئەڤ ریکارێن مە باس لێ کرین بتنێ گرتنا دەڤایە وئەڤە ژی دچیتە دخانا خیانەت ودوژمنکاریێ دا .لەوما دبێژم حوکمرانیەت ومەرجەعیەتا دابڕی ژ کەتواری.



کوردستان وەک هەرێمێکی ئارام و کاریگەر لە عێراقدا



شوکر محەمەد هەرکی/ باسرمە

بەشێوەیەکی گشتی،ناوچەی رۆژهەلاتی ناڤین روە و ناسەقام گیر ی دەچێت و تادێت ململانێکان چرتر دەبنەوە و تەسفیە حساباتی نێوان هێز و دەسەلاتەکانی دەڤەرەکە لەسەرپشتی هەرێمایەتی یەکلادەکرێنەوە، بەتایبەت لە عیراق و سوریاو لیبادا.

سەرەرای بوونی ئالۆزی و قەیران لە دەوروبەردا بەلام هەرێمی کوردستان بەوەجیادەکرێتەوە کە لە رووی ئامنی و پێشکەوتن خوازی و پێکەوەژیان، لەسەر ئاستی ناوچەکدا رۆژ دوای رۆژ گەشە دەسێنێت. هەڵبەت کوردستان چ وەک هەرێمک و چ وەک بەشێکی ئامن و جێگای متمانە و ئیعتباری هەرێمی و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانە. رۆژانە دەبینین کە نێردە و شانە دبلۆماتکارەکان ی بیانی، کە ڕوو لەعیراق دەکەن شوێن و جێگایان مانەوەیان لە هەولێری پایتەختی کوردستانە، ئەمەش خۆی لەخویدا داننانە بەم ئامن و سەقام گیریە کەژۆر بەرژۆ لەپەرسەندن و پێشکەوتن دایە.

هەروەها جێگای ئامازەپێکردنە کە نابێت ئێوە بەم چەندە بوەستین، بەڵکو پێویستە بەرەوپێشتر و باشتر هەنگاوبنێین، ئەمە هەم داخوازی خەڵکی کوردستان و خواستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە کە ئەوەلێمان لێ چاوەڕواندەکرێت. دەبینین رۆژانە عیراق لە چ دۆخێکی ناسەقام گیرو ناهەموار گوزەردەکات. خۆپیشاندانی هەرەمکی و ملیونی و ناملیۆنی بێ سەروبەر کەچەندان قوربانی و بریندار لێ دەکەوێتەوە، ئەگەرچی خواستی خۆپێشاندەران داواکاری جەماوەر ڕەوان، لێ بێ سەروبەری و سواربوونی مەوجی خۆپێشاندەران لەلایەن چەند گرووپێکی سیاسی و میلیشیای عێراق، دەچێتە نێو چوارچێوەی گەمەیەکی سیاسی لەسەر پشتی خەلک، جا ئەم هۆکارو فشارە زۆرانە، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شەقام دەورژێنن و بەرەو داهاتوویەکی نادیار ئاراستەدەکەن، تاکو ئێستا تەواوی سیاسەتمەدار و عەقڵمەندانی ئیدارەدانی عیراق نەیان توانیوە لەسەر سفرییەک کۆک بن پرسەکان تاوتوێ بکەن و بگەنە دەرئەنجامێکی باش و راست و ڕەوا، ئەوەی دەگوزرێت زیاتر پەنابردنەبەر فشارو کارو کاردانەوە، ئەوان پێیان وایە لەم ڕێگەیە دەتوان بەرژەوەندی کەسی خۆیان و داخوازیەکان و ڕێکەوتنەکانیان بەدەست بهێنن. کەچی بێ ئاگان یاخود گوناەن بە سومعە و پێگەی عیراق گشتی عیراق و شەرمندەیی عێراق لەئاستی نێودەوڵەتیدا. لەکاتێکدا کە هەرشەی تیرۆر تاکو ئێستا هەڵبەت ئەم هەڵوێستەی هەیمی کوردستان لەهەمبەر دەوڵەتی عێراق، هەڵوێستێکی عەقلانی ئەرینییە لەم هەلومەرجەی عێراقدا. هەروەها هەڵوێستێکی ژیرانەی لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی بەرامبەر دوڵەتی مەرکەز، چونکە کۆمەلێک راستی هەن کەنابێت بدەینە دەست قەدەر بۆ بەدیهێنانی ماف و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کوردستان. لەم قۆناغە سیاسیەی عێراق، هەڵوێستی سیاسی و دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەغدا، کارێکی ئەرێنییە کە لە بەرژەوەندی هەردوولادایە و سیاسەتێکی حەکیمانەی کوردستانە کە پەیرەوی دەکات.



کوردستان لە میدیای جیهاندا

ئا: ڕێبوار حەمەلا و شوانی



ڕەنگە هەولێر هاوکار بێت لە بودجەی 2020ی عێراق

Al-Bawaba

حکومەتی عێراق و حکومەتی نیمچە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕۆڵ و پشکی هەولێر لە بودجەی 2020ی عێراقی فیدرالێ ڕێکەوتوون.بەپێی ڕێکەوتنەکە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە دوو سەد و پەنجا هەزار بەرمیل نەوت لە بەرهەمهێنانی نەوتەکەی ڕادەستی بودجەی نیشتیمانی عێراق دەکات.ئێستا بودجەی دوو هەزار و بیستی عێراق لە پەرلەمان تاوتوێ دەکرێت.



سەنتەری کوردی سووریا نەوەی خەلیفەی داعش لەخۆدەگرێت

Al-Monitor

ئیدارەی خۆسەری کوردی لە باکووری ڕۆژهەلاتی سووریا کە هەزاران پیاو و ئافرەتی لە جەنگی دژ بە داعش لە دەست داوە، ئێستا هەوڵ دەدات نزیکەی سەد و سیی کوڕی چەکدارانی داعش لەخۆ بگرێت کە باوکیان لە شەڕی داعش کوژراون و ئێستا ئەوان لە خیمەکانی ژێر دەسەلاتی کوردی دەژین. لەلایەکی دیکەوە، یوئێن و ڕێکخراوەکانی دیکەی نێودەوڵەتی کە لە سووریا کار دەکەن چاودێری سەنتەری حوری دەکەن و لە نیگەرانی دەوڵەتی دێمەشق دەترسن کە دان بە خۆسەری کوردی نانێت. بەبێ پشتگیری دەرەکی دەسەلاتدارانی کوردی سووریا حوکم دەکات. هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری ڕۆژهەلاتی سووریا کە کوردی لێیە بووە هۆی ئاوارەبوونی دەیان هەزار هاوڵاتی سیڤیلی کورد و دۆخەکەی خراپتر کرد.



ئایا ترەمپ دەوڵەتی کوردستان دروست دەکات؟

futuredirections.org.au

پێگەی فیچەر دایرکشن یا ئاراستەکانی داهاتووی نێودەوڵەتی بابەتێکی لیندسای هیوز گەورە شرۆڤەکار و توێژەری ئەمەریکی بڵاوکردووەتەوە، لەبارەی ئەگەری پشتیوانی ڕاستەوخۆ و بێ چەند و چۆنی حکوومەتی ترەمپ و ئەمەریکا بە گشتی بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتێک بۆ کوردەکان دەخاتە ڕوو و بە دووری نازانێت. لیندسای لەبابەتەکەی نووسیویەتی، بە دووری مەزانن، بە ڕوانین لەو ڕڤە قوولەی لە نێوان ترەمپ و عەلی خامنەیی هەیە، ترەمپ دەیەوێ هەموو دەرفەتێک بقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئەزموونگەرایی ئێران لە ناوچەکە بهێنێت، لە ماوەی ڕابردوویش، بۆ پێشاندانی هاوکار و هەماهەنگەکانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەرهەم سالحی سەرۆکە کوردەکەی عێراق کۆبوەوە، پێگومان ئەمە پەیامێک بوو، ترەمپ بە تارانی دا و دووپاتی لەوە کردەوە، کە ئەوان دەتوانن بە تەواوی لە ڕێی کارتی کوردەوە کۆتایی بە ئێران و نەخشەی نێستەی ناوچەکە بهێنن، بە دڵنیاییەوەیش کوردەکان بۆ ئەمە ئامادەن و بە دوای ئامانجی سەرەکی خۆیان کەوتوون. لە بەشێکی تری بابەتەکە هاتووە، گەلی کوردستان سەدان سالە خەبات لە پێناوی نیشتمانی خۆیان دەکەن، کە ئەویش بەسەر ئێران و سووریا و تورکیا و عێراق دابەشکراوە، لەگەڵ بەشێکی بچووکی کە کەوتووەتە ئەرمینیا و ڕەنگە ئەمە گرفت و کێشەی زۆری لەسەر نەبێت، هەرچەندە بەریتانییەکان دوای جەنگی یەکەمی جیهان ئەو بەڵێنەیان پێدان، بەڵام دواتر پاشگەزبوونەوە و کوردیان کرد بە قوربانی لە ناوچەکە و ئێستەیش خەبات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە لە خەبات و قوربانیدان بەردەوامن.

وون بوون

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە/ ٩٠٨٥ بەناوی ریباز سیروان شریف وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

بەرزەبون

بەرزەبونا هەردو تابلۆیێن ترومبیلا ژمارە HS٨٢٣٩٢ بیانی مودیل (٢٠٠١) جۆرێ (BMW) رەنگێ رساسی بناقێ ناضم عارف صالح ئەڤجا هیڤی یە هەرکەسێ ببینیت بلا پەیوندی بقێ ژمارێ بکەت ٠٧٥٠٣١٦٣٥٨٨ دگەل سوپاسیا.

***

تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر

بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٤٦٤٦ لە کەرتی ٨٦ بنصلاوە لەرێکەوتی: ٢٠٢٠/١/٣٠ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەی (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەندارییەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی میراتگرانی/ ابراهیم حمد سلیمان بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبلاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی

دادوەری بەرایی/ نیگار احمد محمد

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە/ ٣٢٣٤/ ب٤/ ٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (دلمان عبدالخالق عزالدین)

داواکار (احمد ابراهیم خلف) داوای ژمارە ٣٢٣٤/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پایەندکردنت بە بەناوکردنی خانووی ژمارە (١٠٩/٢٩١٧) کەرتی ٤٥ وارش) گەراندنەوەی ئەمانەتەکە بۆ داواکار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی مەلایان) لە ٢٠٢٠/١/١١ بڕیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٢/٢٥) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله

***

تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر

بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٥٩٦٤ لە کەرتی ٨٦ بنصلاوە لەرێکەوتی: ٢٠٢٠/١/٣٠ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەی (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەندارییەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی مجید نوری قادر بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبلاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی

دادوەری بەرایی/ نیگار احمد محمد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/٤٧٩

رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦

ئاگاداری

بۆ/ اسعد مزعل سهیل

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ریکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (خضر رشید باوکر) کە چۆلکردنی دوکانی ژمارە (٣٥٠/١١٠) ك ٤٥ وارش. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ احمد محمد فرزی

***

دادگای کەتنی لە حاجیاوا

ژمارە: ١٧٩/ك/ ٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٩

ئاگاداری

بۆ تەمەتباری راکردوو/

عبدالعزیز یاسین ابراهیم

بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی ٢٤٨ لە یاسای سزادانی لە داوای کەتنی ژمارە ١٧٩/ك/ ٢٠١٩ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە و جێگای دیاری کراوت نییە بریارماندا لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٣/١٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبێت یان خۆت بگەیەنیتە نزیك ترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە بە ئامادەنەبوو (غیابی) دادگایی دەکرێت.

دادوەر/ بەختەوەر صابر سعید

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە

ژمارە: ٥٨٣/ج/ ٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/١/١٥

بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (عبدالله دارا توفیق)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی هەڵەبجە بۆیە ئاگادارتان دەکەینەوە کە پێویستە لەسەرتان لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبن لە رۆژی ٢٠٢٠/٣/٣ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە بەپێی مادەی ٣/٢١ لەیاسای چەك بەپێچەوانەوە بەپاشملەیی دادگایی دەکرێن و و خۆتان بەرپرسیار ئەبن بەپشت بەستن بە ئەحکامی مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

دادوەر/ محمد شفیق حمه

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٣٢٠٩/ج/ ٢٠١٥

رۆژ: ٢٠٢٠/١/٢٧

بۆ/ تاوانبار (ارکان محمد فتح الله)

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٣٢٠٩/ج/٢٠١٥ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٣/٤١٣ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە حبسی سوك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بەگوێرەی احکامی مادەی ١/٤١٣ لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ بۆ سالی ١٩٦٩. وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/شیرین علی حمەسور

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:٢١٥٥/ش/٢٠١٩/٤

رێکەوت:٢٠٢٠/٢/٥

جاردان

بۆ داوالێکراو (محمد خلیل قادر)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئەم دادگا لە داوای ژمارە (٢١٥٥/ ش/٢٠١٩/٤) وە لەبەرواری (٢٠٢٠/١/٢٦) کە لە دادگای باری کەسی هەولێر دەرچووە دادگا بڕیاریدا بە تفریق بسبب الهجر تۆمارکراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری / هەولێر/ قەتەوی بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی رۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی لە رۆژی پێراگەیاندنت, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردنی سۆران

ژمارە : ١/انابە/٢٠٢٠

رێکەوت : ٢٠٢٠/٢/٩

جاردان بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردنی سۆران لە دۆسیەی ژمارە (١/انابە/٢٠٢٠) سیم کارتی ژمارە (٠٧٥٠٤٤٥٦٤٦١) دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار بە ناوی (عمر مصطفی باپیر) کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لە جیاتی قەرز بە بری (٢٥٠٠٠٠٠٠٠) دووسەد و پەنجا ملیۆن دینار , هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی (٣) رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە سەدا دە نرخی قرساویەتی وەلاتنامەی عێراقی نامادە بێت پارەی ١٠٪ بارمتەی یاسایی بێنێت و دەلالیش لەسەر کریارە.

ئاکارەکان

جۆری سیم کارتی کۆمپانیای کۆرەك تلیکۆم

ژمارە ٠٧٥٠٤٤٥٦٤٦١ نرخی قرساو (١١٩٠٧٠٠٠) یانزدە ملیۆن و نۆسەد و حەوت هەزار دینار

سیروان سلیم اسعد/ جێ بەجێکاری داد

***

سەرۆکاتیا دادگەها تێهەلچوونا ناوچا دهوك

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٢٦/ش/٢٠٢٠

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٥

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکراو ایفان صلاح ابراهیم/

جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە

داواکار (شهد عباس صالح) داخازا ژ یك جودا بوون (تفریق) ژ تە دکەت و ژ بەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژێر و دەستەکا هەلبژارتنا قەزا ئامێدیێ-نزیك مزگەفتا بچیك لەورا ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو رۆژنامێن رۆژانەیێ نافخویێ کو ئامادەبی ل بەرامبەر ڤی دادگەهێ ل دەمژمێر ١٠ سپێدەهیا رۆژا ٢٠٢٠/٢/٢٥ و ل بەرۆفاژی ڤی چەندێ دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نە ئامادەیی و ئاشکرا هێتەکرن.

دادوەر/ زیرەك محمد صدیق عبدالکریم

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە/ ٥٨١٤/ش/٢٠١٩/٣

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٩

جاردان

بۆ داوالێکراو سەفین حسن قادر شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئامازە بە داوای ژمارە ٥٨١٤/ش/٢٠١٩/٣ تایبەت بە داواکار دەریا مصطفی علی و داوالێکراو سەفین حسن قادر دادگا لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢ بڕیاریدا بە جیابوونەوە لەنێوان تۆ و داواکار لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی ئازادی/هەولێر بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانەوە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

داوەر/ صباح قادر کاملا

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە/ ٥٨٥٩/ش/٢٠١٩/٣

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٤

جاردان

بۆ داوالێکراو جمال یعقوب دیوانه

شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئامازە بە داوای ژمارە ٥٨٥٩/ش/٢٠١٩/٣ تایبەت بە داواکار أسماء اسعد طاهر و داوالێکراو جمال یعقوب دیوانە. دادگا لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٢٧ بڕیاریدا بە پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی لەنێوان تۆ و داواکار لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی ٢٦ گولان/شاویس بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانەوە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

داوەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگەها بەرایی/ زاخو

ژمارە/ ٣٨٥/ب/ ٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٦

ئاگەهداری

لدویف بریارامە ژمارە ٣٨٥/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٣/٧/٢٢ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە ٩٥/٥ کەرتێ ١٣ تلکەبەر کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣ روژا دا دەست پێدکەت ژ روژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن روژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکدار بیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ٥٪ یان زێدەتر ٥٪ ژ کوژمێ پێ هاتی بدت ئەو ژی (٤٤٨،٠٠٠،٠٠٠) دینارو ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤی ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دیپهن ڤەدانا فەرمی دا ل روژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

سەخلەت:

جورێ ئاقاری مولکینی یە و رەگەزێ وێ عەردە (عرصە) روبەرێ وێ (٥٣٦٨،١٤)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو و هنگ خزمەتگوزاری لێ هەنە، وەکو ئاف و کارەب.

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر

بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار

ژمارە/ ١٠٥

رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦

ئاگاداری

هۆشدەر(نهاد جوده شیروانی) بریکاری (بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای أرض الافراح سەرەڕای کارەکەی)

هۆشدار کراو: (أسماء حسن أحمد زیرین)

بەڕێزتان هۆشداریتان ئارستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن پارێزەر (نهاد جوده شیروانی) بریکاری (بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای أرض الافراح سەرەڕای کارەکەی)

بە هۆشداری ژمارە (٢١/٤٠١٥) لە ٢٠٢٠/١/٢٠ لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بەپێی نووسراوی اشعاری موختاری ٣٢ پارك (٢٠٢٠/٢/٥) لەرێگای دوو رۆژنامە ئاگادارت دەکەینەوە بەرێزت خانووی ژمارە ١٦٩٧ لە ڤیلاکانی میرسین لە پرۆژەی گەنجان ستی بە رووبەری ٤٥٠ مەتر لە بریکاردارم کری بەبری پارەی ٢٣٠،٠٠٠ دوو سەد و سی هەزار دۆلاری ئەمریکی بەپێی گرێبەستی رێککەوتی ٢٠١٩/٤/١ بە قستی مانگانە وە لەبەر ئەوەی بەرێزت قیستی مانگەکانی (٥ و ٦ و٧ و ٨و ٩ و ١٠ و ١١ و ١٢ی ساڵی ٢٠١٩ لەگەڵ قیستی مانگی ١ی ساڵی ٢٠٢٠ کە هەر قستێك ٤٠٠٠ چوار هەزار دۆلارە کە هەموو دەکاتە ٣٦٠٠٠ سی و شەش هەزار دۆلاری ئەمریکی و بری پارەی ٥٤٠٠٠ پەنجاو چوار هەزار دۆلاری ئەمریکی وەك لە برگەی ب لە خالی سێیەم هاتووە نەت داوە بەبریکاردارم کە کۆی گشتی دەکاتە ٩٠٠٠٠ نەوەت هەزار دۆلاری ئەمریکی هەروەها بری پارەی ١٠٠٠٠ دە هەزار دۆلاری ئەمریکی وەك غرامە تأخیریة سێ سەد رۆژ دواکەوتن وەك لە برگەی ١١ لە گرێبەستی نێوانمان هاتووە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە لەماوەی ٧ رۆژ ئەو قستانە تەسلیم بە بریکاردارم بکەی کە کۆی گشتی ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار دۆلاری ئەمریکیە بە پێچەوانەوە ناچار دەبین روو لە دادگای تایبەت بکەین داوای هەلوەشاندنەوەی گرێبەستەکە تۆماربکەین لەگەڵ پابەندکردنت بە دانی قەرەبوو بە بریکاردارم.

دادنووسی یەکەم/ بۆتان کامیران میران

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین وبەدواداچون

ژمارە / ٨٩٩

رێکەوت / ٢٠٢٠/٢/٤

بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سید اڤا / بۆ پیشەسازی روون وبازرگانی گشتی / سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەموارکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٤

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (حەمرین) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

هەرێمی کوردستان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب٠مومتەلەکات

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م٠ممتلكات

ژمارە: ٢٧١٩ کوردی رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٩ رێکەوت: ٢٠٢٠ زایینی

ناگاداری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری سەر بە وەزارەتی دارایی وئابووری نیازی فرۆشتنی کۆمەڵێك لە موڵیدە وئۆتۆمبیل لە کارگەوتووی جۆراو جۆری هەیە بەپێدکی دنی ناشکرا ئەوین ی یاسایی فرۆشتن وبەگرێدانی موڵك و سامانی دەولەت ژمارە (٢٢) ی سانی ١٩٨٦ی هەموار کراو لە بنکەی کۆکردنەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەناو بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر ، جا هەر کەسێك ئارەزووی کرینی هەیە ئامادەبێت لە رۆژی(دوو شەم) رێکەوتی(٢٠٢٠/٣/٢) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لە گەڵ ڕەچاو گرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بەپێی رێنماییە گانی دارایی :

١/ پێشکەش کردنی بارمتەی یاسایی (تامینات)٠

٢/ دەتوانین ئەم(ئۆتۆمبێل وموڵیدە)ببینن لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە خوێنی ناوبراو لەسەرجوو

٣/ لەسەر گرێبارە لە ماوەی(٣) رۆژ ئەم ئۆتۆمبێل وموڵیدانە هەڵگرێت ،

٤/ بری پارە فرۆشتنەکە بە پارەی جایی عیراقی بەشێوەی نەحتینەیی (نقدی) وەردەگیرێت٠

٥/ وەرگرتنی رێژەی ٣٪ لەکۆی فرۆشتنەکە بەزیاد لەگەڵ پارەی رۆژنامە لەسەر گریارەدەبێت.

- لیستی ئۆتۆمبێلەکان وموڵیدە:٠

ژ	جۆری ئۆتۆمبێل	مودێل	ژمارەی ئۆتۆمبێل	تێبینی
١	ئۆیوتا رهنهر ستیشن	١٩٩٩	٩٢٦/ کشتوکاڵ وسەرجاوەکانی ئاو	تۆمار دەکرێت
٢	JBC. پیکەب ٢ تەن	٢٠٠٥	٥٥٥/ کشتوکاڵ	تۆمار دەکرێت
٣	نیسان پاس ٢٤ نەفەری	٢٠٠٢	١٠٥/ ئارایش	تۆمار دەکرێت
٤	نیسان پاس ٢٥ نەفەری	٢٠٠٢	٦٥٧/ خوێندنی باڵا	تۆمار دەکرێت
٥	هۆندای پاس ١١ نەفەری	٢٠٠٦	٦٥٩/ خوێندنی باڵا	تۆمار دەکرێت
٦	هۆندای پاس ٢١ نەفەری	٢٠٠٤	٦٥٩/ خوێندنی باڵا	تۆمار دەکرێت
٧	دایوو پاس ٤٤ نەفەری	٢٠٠٢	٦٥١/ خوێندنی باڵا	تۆمار دەکرێت
٨	نیسان پاس ٢٤ نەفەری	٢٠٠٢	١٢٦٣/ خوێندنی باڵا	تۆمار دەکرێت
٩	نیسان پیکەب دەبل کەمارە	٢٠٠٢	٤٢/ و٠کار و کاروباری کۆمەڵایەتی	تۆمار دەکرێت
١٠	ئۆیوتا پیکەب دەبل کەمارە	١٩٩٠	٧/ کار	تۆمار ناکرێ
١١	هۆزد پیکەب	—	ئالیات/ئۆمارنەکراوە ب٠هاتووچۆ	تۆمار ناکرێ
١٢	هۆزد پیکەب	—	ئالیات/ئۆمارنەکراوە ب٠هاتووچۆ	تۆمار ناکرێ
١٣	کیا سۆرینتۆ ئۆتۆماتیك	٢٠٠٧	١٦/ پلان دامان	تۆمار دەکرێت
١٤	مسیوبوشی ئاجیر و ئستیشن	٢٠٠٧	٢٢٦/ بەروودەدە	تۆمار دەکرێت
١٥	هۆندای پاس ٢٤ نەفەری	٢٠٠٧	١١٣/ باك	تۆمار دەکرێت
١٦	هۆندای پاس ٢٤ نەفەری	٢٠٠٧	١١٢/ باك	تۆمار دەکرێت
١٧	نیسان پاس ٢١ نەفەری	٢٠٠٢	٣٩/ داد	تۆمار دەکرێت
١٨	مسیوبوشی ئاجیر و ئستیشن	٢٠٠٧	٠،٩/ سەربە خۆیی مافی مرۆڤ	تۆمار دەکرێت
١٩	هۆندای پاس ٢٤ نەفەری	٢٠٠٦	٠،١٣/ سەربە خۆیی مافی مرۆڤ	تۆمار دەکرێت
٢٠	هۆندای گەینە ونیوتك ویل ٤ تەن	٢٠٠٦	٠،٢٢/ سەربە خۆیی مافی مرۆڤ	تۆمار دەکرێت
٢١	نیسان پیکەب	٢٠٠٨	١٣٤/ ئاوخۆ	تۆمار دەکرێت
٢٢	ئۆیوتا ڤلۆن ساڤن ئۆتۆماتیك	٢٠٠٠	١٢/ بەروودەدە	تۆمار دەکرێت
٢٣	فۆکسی واگن دەبل کەمارە	١٩٩٦	٩١٩/ ئاوەدانکردنەوە	تۆمار ناکرێ
٢٤	نیسان پاترۆل ستیشن	٢٠٠١	٥٧٧/ ئاوەدانکردنەوە	تۆمار دەکرێت
٢٥	ئیسکانیا فلاپ سکس ویل	١٩٧٨	٩٢/ ئاوەدانکردنەوە	تۆمار ناکرێ
٢٦	ئیسکانیا فلاپ ثلاث ویل	١٩٨٢	٩٩/ ئاوەدانکردنەوە	تۆمار ناکرێ
٢٧	فالفۆ هەڵگری جیهەتۆ	١٩٨٢	٦٤٩/ ئاوەدانکردنەوە	تۆمار ناکرێ
٢٨	مارسیدس پونتیەال	١٩٨١	٦٢١/ ئاوەدانکردنەوە	تۆمار ناکرێ
٢٩	مارسیدس شاهی مزور نجهاز	١٩٨١	٩٢٠/ ئاوەدانکردنەوە	تۆمار ناکرێ
٣٠	کیا ریجومینی پاس	٢٠٠٤	١٢٢/ گار	تۆمار دەکرێت
٣١	نیسان پاترۆل ستیشن	١٩٨٧	٩٤١/ خوێندنی باڵا	تۆمار ناکرێ
٣٢	لانسکرۆز پیکەب ثاك کەمارە	٢٠٠٢	١٢٥/ خوێندنی باڵا	تۆمار دەکرێت
٣٣	نیسان پیکەب دەبل کەمارە	٢٠٠٢	١٢٥/ خوێندنی باڵا	تۆمار دەکرێت
٣٤	نیسان پاس ٢٥ نەفەری	٢٠٠٢	٦٥٢/ خوێندنی باڵا	تۆمار دەکرێت
٣٥	نیسان پاس	٢٠٠١	٦٤٤/ خوێندنی باڵا	تۆمار دەکرێت
٣٦	موایدە جۆری AK٤٧		KV 250	ـــــ
٣٧	موایدە کارەبا رەنگ زەرد		KV 220	ـــــ
٣٨	موایدە کارەبا جیهان		KV 22	ـــــ
٣٩	موایدە جۆری تەدر		KV 500	ـــــ

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی وئابووری

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/٤٢٨٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦
جاردانی کەلوپەلی گلدراوە
ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٤٢٨٦) هەلدەستێت بە فرۆشتنی ئەم کەلوپەلانەی خوارەوە کەبەبری ٤،٢٦٠،٠٠٠ ملیۆن دینار قرساوە بە لێک زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز هادی روستم صابر البقالکە بڕەکەی (٣١،٨٠٠،٠٠٠) دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لەماوەی ٣ ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە و بارمتەی یاسایی لەگەل خۆی بهێنێ کە لە ١٠٪ی نرخە قرساوەکەیەتی و دەڵالیش لەسەر کریارە.
کەلوپەلەکان:
١- ٢٧ دانە سپلیت جۆراوجۆر بەبری ٢،٧٠٠،٠٠٠ ملیۆن دینار.
٢- یەک سپلیت عامودی بەبری ٣٠٠،٠٠٠ هەزار دینار.
٣- ٢٥ دانە سیسم دار یەک نەفەری + ١٢ بوفیەی دوو دەرگا. بەبری ٧٥٠٠٠٠ هەزار دینار
٤-٨ تانکی ئاو بەبری ٤٠٠،٠٠٠ هەزار دینار
٥- میز استقبال بری ٣٠،٠٠٠ هەزار دینار
١- مزەخەی ئاو بەبری ٥٠،٠٠٠ هەزار دینار.
٧- ٣ دانە جهاز أطفاء بەبری ٣٠،٠٠٠ هەزار دینار.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
***
المديريه العامه للدوائر العدليه
دائرة كاتب عدل/ اربيل الاول
التاريخ/ ٢٠٢٠/١/٢٣
العدد العمومي/ ٦٤١٩
السجل/ ٣٣
الانذار
بواسطة دائرة كاتب عدل/ اربيل
الاول : ربيع محمود ظاهر
العوان/ گوندی انگلیزی ژمارە ٦٤
مضمون الانذار: المساهم في شركة (open.net – للاتصالات /المحدودة) بنسبة ٢٨٪ من مجموع اسهم الشركة تقرر تبليغك الحضور لغرض انعقاد اجتماع الهيئة العامة للشركة و ذالك بتاريخ ٢٠٢٠/٣/١ في مقر شركة الكائن في اربيل القرية الانكليزية في تمام الساعة العاشرة صباحا لغرض مناقشة و اقرار المصادقة علي محضر الاجتماع الخاص بتصفية الشركة و بخلافه سوف ينعقد الاجتماع و تصدر القرارات.
توقيع المنذر:
الاسم الثلاثي: نجيب الياس جمعه/ مدير مفوض شركة (open.net – للاتصالات / المحدودة)
رقم الهوية: ٠٠٢٢٥٩٠٧ تاريخ الاصدار ٢٠١٦/٧/٢٨
جهة الاصدار: كركوك /س ١١٠ ص٢١٩١٨
العنوان: اربيل / عنكاوة موبايل : ٠٧٥٠٤٣٢٢٨٤٩
قدم هذا الانذار من قبل نجيب الياس جمعه/ مدير مفوض شركة (open.net – للاتصالات /المحدودة) المعرف بهويته اعلاه و بعد ان وقعه امامي طلب تبليغه الي : ربيع محمود ظاهر حفظ الاصل وارسلت النسخه الثانية للتبليغ بتاريخ ٢٠٢٠/١/٢٣.
كاتب عدل/ محمود محمد احمد
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢٢٤٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (Realiable. Obvious. Solid R.O.S) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (Realiable. Obvious. Solid R.O.S) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٥) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرهاد فؤاد عثمان) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (KURD WAY) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بیاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ فرهاد فؤاد عثمان
نانیشان/ گەرەکی ئەندازیاران
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٦٦٩٤٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٩٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هەڵاڵ) بۆ (بازرگانی گشتی و هێنان و بردن/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٩٨٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (المصابیح) بۆ (بازرگانی کەرستەی کارەبایی/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (Realiable. Obvious. Solid R.O.S) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بیاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ فرهاد فؤاد عثمان
نانیشان/ گەرەکی ئەندازیاران
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٦٦٩٤٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢٢٥٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (KURD WAY) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (KURD WAY) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٦) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرهاد فؤاد عثمان) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (ZENER POINT) بۆ (بەڵێندەرایەتی کارەبا/ سنوردار) بیاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ هەکار عسمان علی
نانیشان/ هەولێر - موفتی
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٠٥١٥٤٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢١٩٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦
بڕیاری گۆڕینی پاکتاوکاری کۆمپانیای (حەمرین)
بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (حەمرین) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢) تایبەت بە گۆڕینی پاکتاوکاری کۆمپانیا بەپێی بریاری ژمارە (٢١٣٠٩) لە ٢٠١٩/١٢/١ کۆمپانیای ناوبراو لەژێر پاکتاوکردن دایە وە دانانی بەڕێز (فینک فاخر محمد) بە پاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو لەجیاتی بەڕێز (هەلات کاظم صالح)
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٧٢) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر




تۆماس فریدمان داوا دەکات دۆنالد ترەمپ بە ئەقڵی کیسنجەر گڕ لە عێراق بەردا..!

موحسین محەمەد

تۆماس فریدمان نووسەری ناوداری ئەمەریکی ڕۆژی 9ی کانوونی دووەم لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز لەسەر ڕەوشی سیاسی ئەمەریکاو ئێران و ڕووداوەکانی ئەم دواییە، وتارێکی بەناونیشانی (پێویستە چاومان لەسەر ئامانجی ئێران بێ) بڵاوکردەوە. هەمان ڕۆژ مالپەڕی (العربیە) وتارەکەی بەناونیشانی (ئایا ترەمپ و ئێران کۆتاییان بە ململانێکە هێنا.. یان ئایندەیان وێران کرد؟) بڵاوکردەوە. لە ڕاستیدا هەردوو ناونیشانەکە گوزارشت لە ناوەڕۆکی وتارەکە ناکات. بابەتەکە لەناوەخنیدا سیناریۆیەکی پێشنیارکراوە بۆ سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ لە کێشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و ئێران بەتایبەتی. لەهەمان کاتدا، جۆرە هەڵچوونێکە بەرامبەر کەنالی (فۆکس نیوز) ی ئەمریکی، کە بیروڕای جیاوازی هەیە. نووسەر دەڵێ: کاتێک شرۆڤەکارانی کەنالی فۆکس نیوز دەبینم، دەڵێن:

1

ئەوانەی پشتیوانی لە سیاسەتی دۆنالد ترەمپ ناکەن لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، نشتیمان پەروەر نین. دەمەوێ بپچڕێم لەپێکەنین، چونکە ئەوانە شایانی بەزەیین. ئینجا دێتە سەر دۆخی ئێران و ڕووداوی هێرشی ئاسمانی ئەمەریکا لەناو عێراق بۆسەر قاسم سلێمانی فەرماندەی قودس و ئەبومەهدی موهەندیس جێگری فەرماندەی حەشدی شەعبی و کاردانەوەی ئێران بە موشەکبارانکردنی دوو بنکەی سەربازی ئەمەریکی لە عێراق. ئینجا نووسەر ئەم پرسیارە دەکات: کەی ئەو حەماقەتە کۆتایی دێ؟ ئێمە لێرە کە لەسیناریۆکە وردەدبینەوە ، ئەم پرسیارەمان لەلا دروست دەبێ، ئەدی ئەو بێ ویژدانییە کەی کۆتایی دێ؟. خودی پرسیارەکە پێمان دەڵێ، تۆماس فریدمان بێ ئاگایە لەو هەموو سالانەی پێکدادان و گرژییە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. پوختەی بۆچوونەکەی، کشانەوەیە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دەسبەردابوونە بە نەوتی ناوچەکە. ئامانجەکەش، ڕێککەوتنێکی دیکەیە لەگەڵ ئێران لەسەر بابەتی بەرنامەی ناوکی، بۆئەوەی ئێران نەتوانێ دەستی بگاتە چەکی ئەتۆمی. پاساوی بۆچوونەکەی جێگەی پێکەنینە. ئەو لەوبڕوایەدایە، نەوت بۆ سەدەی بیستویەک ئەو بایەخە ئابووریەی نابێ. بۆ پاڵپشتی ئەو چوونەی، گوتەیەکی شێخ ئەحمەد زەکی یەمانی وەزیری نەوتی سعودی (1962. 1986) دەهێنێتەوە کە وتوویەتی: چاخی بەردین لەبەر کۆتایی هاتنی بەرد، کۆتایی نەهات، بەڵکو لەبەرئەوەی داهێنانی نوێمان دۆزیەوە. فریدمان ئەمەی لەبیرچووە لەدوای چاخی بەردین، مرۆڤ لەسەر سەرگۆی زەوی، لەسەر بەرد چەندین شارستانیەتی بنیاتنا، هەڕەمەکانی میسرو شورای چین و قەڵاکان باشترین بەڵگەن. بێ گومان مەبەستی نووسەر لێرەدا کەمبوونەوەی بایەخی نەوتە لەجیهانی ئابووریدا، بەتایبەتی ئێستا کە ماشێنی کارەبایی دەیەوێ لەسەدەی بیستویەک شوێنی ماشێنی بەنزین بگرێتەوە. ئەو داهێنانە بۆ شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل، هەمووی نا، بەڕێژەیەک ڕاستە، بەڵام بەگشتی بۆ گەشەی تەکنۆلۆژی ڕاست نییە. ئینجا لەبەرئەوەی بەرد کۆتایی نایێ و نەوت کۆتایی دێ، کەواتە بایەخی نەوت زیاد دەبێ کەم نابێتەوە. پرسیاریش بۆ ئەم بایەخەی نەوت گەلێک زۆرە. ئەدی بۆچی ئەمەریکا گەورەترین وڵاتە لەداکردنی یەدەگی نەوتی لەجیهاندا؟. گومان لەمەدا نییە، پێداویستیەکانی تەکنۆلۆژی هەرگیز ناتوانی بەتەواوی دەسبەردار نەوت و پێکهاتەکانێ بێ. ئینجا لەبەرئەوەی نەوت کۆتایی دێ، ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەدا هەزاران کەرەستەی تەکنۆلۆژی بەهۆی نەمانی نەوت پەکی بکەوێ. دەتوانین هێرشەکەی بۆ کوشتنی سلێمانی گومانی هەیە، کە تەرەمپ بتوانێ کاردانەوەی باشتر بەدەست بهێنێ لە دژی ئێران. بەڕای ئەو، کردەوەکە بۆخۆی جۆرێکە لە سەرپێچیکردن لە بنەماکانی یاری سیاسی سالانی پێشووی نێوان ئەمەریکاو ئێران. دەڵێ: ئەوان نابێ سەرکردەی یەکتر بکەنە ئامانج. ئەگەر کاردانەوەی لەو جۆرە بەردەوام بێ، هەڵکشانی مەلمانێ و تۆڵسەندنەوە زیاتر دەبێ. بە پشتبەستن بە لایەنگرانی ئێران لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە بێ گومان ئەویش و ئێمەش دەزانین، تۆڵەی کوژرانی هاوپەیمانەکەیان دەکەنەوە. هەر دوای هێرشەکەی ئەمەریکا، هێرشی کاتیۆشا جار جارە لە ناوچەی سەوز، بالیۆزخانەی ئەمەریکا دەکاتە ئامانج. بەرەی ئێران لەلوبنانەوە تا دەگاتە یەمەن مانفێستی تۆڵەسەندنەوەیان ڕاگەیاندووە. بەدیدی نووسەر، ترەمپ یەکەمین سەرۆکی ئەمەریکایە کە ئێرانییەکان لێی بترسن، لەگەڵ ئەمەشدا، ترەمپ ناتوانێ تاسەر بەو شێوە بەردەوام بێ، لەبەرئەوەی تەگەرەکان هەر لەناو ئەمەریکا زۆرن، لەوانە کۆنگرێس، دەستووری ئەمریکی، ڕۆژنامەی ئازاد، بنەماکانی ڕەفتاری ئەمریکی، هەڵبژاردن. ئەو پێنج هۆکارەی نووسەر، ئەگەر هەڵبژاردنی لێ دەربهێنین، ئەوانی دیکە، لە میژووی سیاسی ئەمەریکا، بایەخی نەبووە. خۆ نووسەر باش دەزانێ، دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا جێڤارای کوشت، هەروەها باش دەزانێ بۆچی سوپای ئەمەریکا چووە ناو پەنەما و نۆرێگای سەرۆکیان لەناو کلێسایەکدا دەستگیرکرد.



ئۆبامەش چۆن لەناو ئەفغانستان ئوسامە بن لادنی کوشت. هەرچەندە جیاوازی لەنێوان ئەو سیانەدا هەیە بەڵام دەستووری ئەمەریکا بۆ هەرکردەوەیەکی سەربازی ماددەیەکی دیاری نەکردووە. ئەوساو ئێستاش جیڤارا سیمبولی خەباتی چەپەکانی جیهانە، کەچی لە ئەمەریکا وەکو تیرۆریستێک پێناسەی بۆ کرا. ئوسامە بن لادنیش پێناسەی تیرۆریستی بۆ کرا. نۆرێگای سەرۆکی پەنەما تیرۆریست نەبوو، ئەو لە ئەمەریکا بە بازرگانی ماددە هۆشبەرەکان تۆمەتبارکرا، لەناو وڵاتەکەی خۆیدا دەستگیرکرا. تۆماس فریدمان باش دەزانێ دەستووری ئەمەریکا ڕێگەی بەسەرۆکی وڵاتەکەداوە هێز لەدژی دوژمنانی ئەمەریکا لەدەرەوەی سنووری وڵاتەکە بەکاربهێنێ. ئەو نایەوێ بڵێ: نەیارانی سەرۆک لەناو ئەنجوومەنی نوێنەران و کونگرێس هەوڵدەدەن بە ئامانجی سیاسی دەستوو پێی سەرۆکی وڵاتەکەیان ببەستنەوە؟ ڕکابەرانی سەرۆکی ئەمەریکا هەمیشە بە هەڵمەتی ڕاگەیاندن دەسپێدەکەن ئینجا پەنادەبەنە بەر ڕێکارە یاساییەکان، دواجار ڕێکارەکان دەبنە جۆرە ڕێکلامێک، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر دەنگەکانی دۆنالد ترەمپ هەبێ. وا پێدەچی ئەمە مەبەستی ڕاستەقینەی نووسەر بێ لەو بۆچوونەی کە دەڵێ: (نابی ئەمەریکا و ئێران سەرکردەکانیان بکەنە ئامانج) ئەو مەبەستی بەرزبوونەوەی ئالۆزیی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نییە، چونکە وتارەکە بۆخۆی لە بنەڕەتدا بۆ ئامانجی ڕێکەوتن و کشانەوە هێزەکانی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا. ئەمە جۆرە یارییەکی سیاسی ئەمریکییە، گرنگ نییە کێ دەبێتە قوربانی.

ئایا وتارەکە یان سیناریۆ پێشنیارکراوەکە مەبەست لێی هێورکردنەوەی ناوچەکەیە یان هەڵاتنی ئەمەریکایە لە باری زۆر گرژی ناوچەکە. بەتایبەتی کەنداو، کە ئێستا پەیتا پەیتا وڵاتانی بەرەی ڕۆژئاوا خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ پێکهێنانی هێزی دەریایی بەرگریکار یابان بەنموونە. لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی وتارەکە مەبەستی، جێهێشتنی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە بۆ خەڵکە هەرە ناکۆکەکەی. نووسەر زۆر بەڕوونی ئاماژەی بۆ پێکدادانی بەرەی سوونی و بەرەی شیعی داوە، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە. ئینجا پرسیاری ئێمە لێرەیە، ئایا مانەوەی ئەمریکییەکان بەو دۆخە گرژەی کە ئێستا لەنێوان ئێران و ئەمەریکادا هەیە باشترە یان کشانەوە لەتەواوی ناوچەکە و جێهێشتنی بۆ لایەنە ناکۆکەکان؟ لەو دوو دۆخە جیاوازەدا ناوچەکە چی بەسەر دێ و چجۆرە کاریگەرییەکی دەبێ لەسەر تەواوی جیهان بەتایبەتی کەنداو؟!.

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی :1258
بەغدا کەوتە دەستی مەغۆلەکان و کۆتایی بە دەسەلاتی عەباسیەکان هێنرا.



سالی :1927
لە بەلژیکا کۆمەڵەی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم دامەزرا.



سالی :1972
ئیمارەتی ڕاسولخەیمە چووە ریزی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو.



سالی :2011
لە وتارێکدا، حوسنی موبارەکی سەرۆکی پێشووتری میسر دەسەلاتەکانی بە عومەر سلێمانی جێگری بەخشی.



سالی :2016
کۆریای باشوور بڕیاری داخستنی بازاڕگای کایسۆنگی دا کە پێشتر لەگەڵ کۆریای باکوور دایانمەزراندبوو.



سالی :2018
ئیسرائیل هێرشی ئاسمانی کردە سەر چەند پێگەیەکی سەربازی لە سووریا.



عێراق .. لە شانشینێکی دامەزراوەییەوە بۆ کۆماری کودەتا و میلیشیا!



کیفاح مەحمود کەریم

کاتێ عێراق لە سەر پاشخانی رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ و دەرهاوێشتەکانی شۆڕشی مەزنی عەرەبی دروستکرا. شەریف، مەلیک فەیسەڵ بنەماڵەی هاشمی کە سێیەم کوڕی بوو، راسپارد ببێتە پادشای عێراق، لەبەر ئەوەی لە لایەک شەریف حوسێن کوڕی عەلی باوکی مەلیک فەیسەل لەر لە سەرەتاوە بیرۆکەی ئەوەی لە مێشکی دابوو خانەوادەکەی ببێتە خانەوادەی پادشای مەملەکەتە عەرەبییەکان لە ناوچەکەداو سەرکردایەتی ئەو وڵاتانە بگرنەدەست.

کەدەبوو سیستەمی ڕووخاوی خیلافەتی ئەستەمبول بۆ یەکێ لە خانەوادە رکابەرەکانی عەرەب، بگوازنەوە کە ئەوانیش خانەوادەی سعودیە لە نەجد و حیجاز بەو پێیەی خانەوادەیەکن لەسەر خاکی پیرۆزی ئیسلام لە مەککەو مەدینە فەرمانڕەوان، لەگەڵ خانەوادەی هاشمییەکان کە ئەوانیش سەرۆکایەتی شۆرشی گەورەی عەرەبیان لە باکووری جزیرەو وڵاتی شام و عێراق دەکرد. کە خانەوادەکەیان بۆ بنەچەی محەمەد عەلی لە میسر دەگەڕێتەوە. لە لاکەی دیکەشەوە ئینگلیزەکان بە هۆی ململانێکانی نێوان شێخ و سەرۆک هۆزەکانی نێو عێراق و چەندین هۆکاری دیکە، کەسێکیان نەدۆزییەوە تا بیکەنە مەلیکی وڵات، ناچار پەنایان بۆ ڕاسپاردنی مەلیک فەیسەڵی یەکەم برد.بەهەر حاڵ بەریتانییەکان لە دوای ڕازی کردنی سەرۆک هۆزو پیاوماقوڵانی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا، توانیان مەملەکی نوێی عێراق دروست بکەن، لەگەڵ ویلایەتی موسڵیش کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن و زۆربەی ناوچەکانی کورستانی باشووری ئێستای لەخۆ دەگرت، کەوتنە دانوستاندن، لە کۆتاییدا زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتەکە بە مەرجی جێبەجێ کردنی داواکارییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانیان ڕازیبوون پادشایی دامەزرێنن. بەمجۆرە گەلانی هەر سێ ویلایەت، زۆر جیاوازتر لەسەردەمی ڕژێمی عوسمانی، باشتر ژیانیان بەسەر برد، بەڵام دوای ئەوەی هەندێ لەدەوری مەلیک غازی و عەبدوللیلا کۆبوونەوە توانیان ئەوان بخەنە ژێر کاریگەری ویست و ئارەزووەکانی خۆیان، هەروەها سەرهەڵدانی ئاراستەی نەتەوایەتی و چەپڕەوی و بە یاساکردنی بیرۆکەی هاوولاتیبوون لە وڵاتێکی فرە پێکهاتە، ئەمانە وایانکرد ڕەوشەکە بەرەو لێژی و خراپ بوون بچێت. تا وایلهێات لەگەڵ یەکەم کودەتای سیاسی مەملەکەتی عێراق ڕووخانی بەخۆیەوە بینی خانەوادەی هاشمیش لەناو براو سەردەمی کۆماری کودەتاچییەکان دەستی پێکرد، ڕەوشەکە بەمجۆرە بەردەوام بوو تا حاکمێکی مەدەنی ئەمەریکی وەک سەرۆک کۆماری عێراق و جێگرەوێەک بۆ فەلسەفەی کودەتا دەستنیشان کرا.ئا بەمجۆرە دوای دەیەها ساڵ لە حوکمی شمولیی و سیاسەت و دیکە، کەسێکیان نەدۆزییەوە تا بیکەنە مەلیکی وڵات، ناچار پەنایان بۆ ڕاسپاردنی مەلیک فەیسەڵی یەکەم برد.بەهەر حاڵ بەریتانییەکان لە دوای ڕازی کردنی سەرۆک هۆزو پیاوماقوڵانی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا، توانیان مەملەکی نوێی عێراق دروست بکەن، لەگەڵ ویلایەتی موسڵیش کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن و زۆربەی ناوچەکانی کورستانی باشووری ئێستای لەخۆ دەگرت، کەوتنە دانوستاندن، لە کۆتاییدا زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتەکە بە مەرجی جێبەجێ کردنی داواکارییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانیان ڕازیبوون

بەریتانیا لە هەرسێ ویلایەتەکە کەوتە پێکهێنانی دامەزراوەکانی شانشینە نوێیەکە لە سەر شێوازی بەریتانی بەو هیوایەی قەوارە نوێیەکە گرنگیی بە گەشەسەندن و ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان بدات

بچنە نێو مەملەکەتە. دوای ئەمە بەریتانیا لە هەرسێ ویلایەتەکە کەوتە پێکهێنانی دامەزراوەکانی شانشینە نوێیەکە لە سەر شێوازی بەریتانی بەو هیوایەی قەوارە نوێیەکە گرنگیی بە گەشەسەندن و ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان بدات. سەرەڕای هەندێ هەڵەو کەموکوری بەریتانیاو شازادە هاشمییەکە، توانیان دەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن لە ژێر چەتری چوارچێوەی یاساو لەژێر کاریگەری کلتووریکی خێڵەکییانەو هزری داگیرکاری و دەستگەیشتن بەدەسەڵات و سامان ئەنجامدران ئەوانەی دزیان لە بەندەی خواو وڵات دەکرد. جارێ لە ژێر دروشمی نەتەوەیی و جارێ بە ناوی خواو پەیامە پیرۆزەکەی، جارێ لەژێر بیرۆکەی تیرۆریستی گەلیان وەک میگەلێلی کۆیلە ئاسا لێکرد، نەوەیەکی ئیفلیج بوویان لە ڕووی بیرو هۆش و ڕەفتارەوە بەرهەم هانی. لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵگا دواکەوتووە کەوتبوونە ژێر کاریگەری خورافات، هەروەها زۆربڵێکانی دیوەخانی شێخ و ئاغاو وتاربێژی مزگەوت و موختارەکانی گەڕەک حوکمیان دەکردن ئەوەی لە باوک و باپیرانیانەوە وەک میرات بۆیان جێ مابوو، تەنیا قسەوقسەلۆک و دابونەریتی بەحەلاڵ و بە حەرام کردن بوو.پاش ئەوەی هەرسێ کۆمارە کودەتاچییەکەی زەعیم و عارف و بەکر-سەدام وڵاتێک کە پێشەنگی دیموکراتییەتی چەوت نا دروست بەسەر زۆربەی گەلی عێراق، هەڵبژاردن ئەنجام درا، لەلایەن حاکمی مەدەنی ئەمەریکی کۆمەڵێک کەسانی هەڵاتوو، ئەوانەی لەبەر برسیەتی و کۆیلایەتی وڵاتیان جێ هێشتبوو، زۆربەیان کەسانی سەرکێشکار تەنیاچاویان لە دەسەڵات و پارەوپوول بڕی بوو، بەهیچ شێوەیەک شایستەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت نەبوون ڕاپەڕاندنی ئەرکی وڵاتیان پێ ڕاسپێردرا.لە ماوەی شەست ساڵ عێراق بە دواکەوتووترین و شکستخواردووترین قۆناغ تێپەڕی، هەرچەندە هەندێ دەستکەوت لەلایەن دڵسۆزانی عێراق بەدیهات، بەڵام ئەوانیش بەوە فریودران ئەوانەی ڕابەرایەتییان دەکەن کەسانی دڵسۆزن و خزمەتی وڵات دەکەن! سێ کۆماری کودەتاچی وڵاتیان خاپوور کردو سەدەها ساڵ بەرەو دوایان گەڕاندەوە دەیەها هەڵی ڕەخساندنی ئایندەیەکی گەشیان لەبەردەمی لەبار برد. کودەتاکان لە دەرەوەی کە تەنیا ناوی بێ ناوەڕۆک و هەڵگری کۆمەڵێک دروشمی بریقەدار بوون، حوت و گەندەڵکاران بەڕبوونە جەستەی وڵات بەناوی خواو ئایین و مەزهەب و عەشیرتگەری دەستیان بەسەردا گرت، بەم شێوەیە میراتگری شارستانیەکان و مەمالیک و ئیمپراتۆراتەکان کرایە ئیماراتی میلیشیاوی ڕاستی لە چەوت جیا نەدەکرایەوە، ئەگەر بەرهەڵستی بکەیت ئەوا کافری، ئەگەر بێ هەڵوێست بیت ئەوە بەندەی، ئەگەر پشتیوانی لێبکەیت تۆ ئەندامێکی میگەلەکەی. ئەوانەی دواییەن کۆماری کودەتایان ڕووخاند، ئەوانیش هاوپەیمانی میرانی ئەو میرنشینەن، کەواتە ڕزگاربوون لە کوێیە؟ وا خەڵک لە نێو شەقام و گۆڕەپانەکان سەردەبڕدرێن؟!

و: خالید گەردی

kmkinfo@gmail.com

چەمکی سیاسی

پرۆتۆکۆل

ئەم چەمکە لە یاسای نێودەوڵەتیدا سێ مانای هەیە:
مەراسیمە نووسینەکی و کردەییەکان کە لە ڕووی دابونەریت و گفتوگۆکردنەوە بە پەیوەندیە گشتی و نێودەوڵەتیەکانەوە دیارن.
مەحزەری دانیشتن و گفتوگۆکان کە هەموو وردەکاریەکانی تێدا تۆمار دەکرێ.
ئەو ڕێککەوتنەی بڕیارێک دەگرێتەخۆی کە لەلایەن ژمارەیەک دیبلۆماتکاری ناو کۆنگرەیەک سەبارەت بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی دەرکراوە . لە ڕاستیدا پرۆتۆکۆل بەڵگەنامەیەکی دیبلۆماسیە و خاڵ و ئەنجامی گفتوگۆ و دانوستانەکان دەگرێتە خۆی.



مانشێت



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کورۆنا لە چین گەیشتە 803 کەس.



کەنالی ئار تی:
پۆلیسی تایلاند هەوالّی کوشتنی ئەو سەربازەی ڕاگەیاند کە لە مۆڵێکی شاری ناخۆرن ڕاتشاسیما 26کەسی کوشتبوو و 52کەسی دیکەشی بریندار کردبوو.



بی بی سی:
دوای بەشداربوونیان لە پرۆسەی دووڕخستنەوەی سەرۆک لە کۆنگرێس، تەرمپ دیبلۆماتکارێک و ئەفسەرێکی لە کارەکانیان لادا.



ئیلاف:
بزووتنەوەی تالیبان - پاکستان هەوالّی کوژرانی یەکێک لە سەرکردە بالاکانی ڕاگەیاند.



فرانس 24:
28وڵاتی ئەندام لە یەکێتی ئەفریقیا بڕیاریان لەسەر دامەزراندنی ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد دا.



ڕۆیتەرز:
لە ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان سەربازێکی ئەفغانی دوو سەربازی ئەمەریکی کوشت و شەشی دیکەی بریندار کرد.

دیاردەی (Super Moon) چییە و چۆن ڕوو دەدات؟





دوێنێ، یەکشەممە، 2020.2.9 یەکەم دیاردەی ناسراو بە (مانگی زەبەلاح - سووپەر موون) لە جیهان و هەرێمی کوردستاندا دەرکەوت و بە پێی پێوانە فەلەکییەکان ئەمساڵ بە گشتی، چوار جار ئەم دیاردەیە دووبارە دەبێتەوە.

پێش هەموو شتێک، دەستەواژەی (مانگی زەبەلاح - Super Moon) دەستەواژەیەکی (فەلەکیی -Astro nomical) نییە، بەڵکو دەستەواژەیەکی (ئەستێرەناسیی -Astrology) یەو بۆ یەکەمجار لەلایەن ئەستێرەناس (ریچارد نۆڵل) لە ساڵی 1979دا بەکارهێنرا، بەڵام ناوە فەلەکییەکەی ناسراوە بە (سیستەمی بەیەکگەیشتنی - زەوی ژ مانگ - خۆر) یان (Perigee-Syzygy of the Earth-Moon-Sun System).

وەکو لە خاڵی دووەمی تایبەتمەندییە فیزیا ژ فەلەکییەکانی مانگدا دیارە کەوا مانگ خاوەن خولگەیەکی هێلکەییەو زەوی دەکەوێتە چەقێکی، بۆیە لە میانەی خولانەوەی مانگ بە دەوری زەویدا، سێ بەشێوەیەکی گەورەترو ڕوونا کتر لە حاڵەتەکانی دیکەی تەواوبوونداد دەبینرێت و زۆریش بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، چ بە چاوی ئاسایی یاخود لە کاتی وێنەگرتنیدا بە شێوەیەک کە قەبارەی دیسکی مانگی 14لەو شەوەدا بە ڕێژەی 14%گەورەتر دەبێت لە جارانی پێشترو بە ڕێژەی 30%یش ڕوونا کییەکەی زیاترە لەو کاتەی کەلە دوورترین خاڵە لە زەوی و لەشەوی 14دا بێت.

خاڵ دڕووست دەبن کە ئەوانیش ئاماژەیان پێدراون و بریتین لە (دوورترین و ناوەندو نزیکترین) ماوەی نێوان هەردوو لا.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا، نزیکترین خاڵە کە ناسراوە بە (Apogee) و ئەوکاتە نزیکترین ماوەی نێوان زەوی و مانگ لە 9ی شوباتی 2020 گەیشتە 362749 کیلۆمەتر، بۆیە کاتێک مانگ دەگاتە نزیکترین خاڵ لە زەوی و لە حاڵەتی تەواوبوون (تابان یان 14) بێت، ئەوا لەگەڵ زەویدا، بەڵام لەو شەوەدا، مانگ لە حاڵەتی تەواودا نەبووە.

لەم ساڵەدا، دوورترین ماوەی نێوان مانگ و زەوی لە 24ی ئادار دەبێ و دەگاتە 406 هەزارو 692کیلۆمەتر، پاشان لە 7ی نیسان دەگاتە نزیکترین خاڵ لەگەڵ زەوی کە دەگاتە 356 هەزارو 907 کیلۆمەتر، کەواتە جیاوازییەکە 49هەزارو 785کیلۆمەتر دەبێ.

لە نوێترین لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت:

بەرکەوتنی هەسارۆکەیەکی گەورەو ڕووداني تسۆنامییەکی مەزن دایناسۆرەکانی لەناوبردووە



لە کۆتایی چاخی (کریتاشی - تەباشیر) ی، واتە بەر لە نزیکەی 66 ملیۆن سال پێش ئێستا هەسارۆکەیەک بەخێرایی 24ئەوەندە زیاتر لە خێرایی گوللەیەک خۆی بە هەسارەی زەوی داداوە لە ناوچەی ناسراو بە(چیکسولوب) لە (نیمچە دوورگەی یوکاتان و کەنداوی مەکسیک) و هێزی تەقینەوەکەی تا ئەو ڕادەیە بووە کە تیرەی چاڵی بەرکەوتنەکە گەیشتۆتە 180 کیلۆمەتر ولە دەرەنجامدا 75%ی سەرتاپای جۆرەکانی ژیانی لەسەر زەوی لە ناوبردووە، بە تایبەتیش (دایناسۆرەکان).


لەم بارەیەوە تیمێک لە پسپۆڕانی بەبەردبووەکانی سەر بە زانکۆی (تێکساس) ڕایانگەیاند کەوا بەم دواییە لە ناوچەیەکی ویلایەتی (NORTH DAKOTA) ی باکووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاشماوەی چەند بەبەردبووەیەکیان دۆزیوەتەوە کە چەندەها جۆرە گیاندارو ماسی لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەوەی سەیرە لەو مەسەلەیەدا کەوا ئەو گیاندارانەی کەوتوونەتە ئەو ناوچەیە هی کەندواي مەکسیک بوونە! بۆیە پسپۆڕان، لەسەرووبانەوە (ڕۆبەرت دی پالما) ی سەرپرشتیاری لێکۆڵینەوەکە، ئاشکرایان کردووە کەوا لە دوای ئەو بەرکەوتنە سەرسامکارەی ئەو نەیزەکە بە ئاوی کەندواي مەکسیکی ئەو سەردەمە، هێزی تەقینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستە بەهێزەی کەوا تەنها دوای نزیکەی 10 خولەک لەو بەرکەوتنە، مادە فڕەدراوەکان لە کەندواي مەکسیکەوە (زانکۆی میشیگان)ڕایگەیاند کەوا تیمەکەیان بەڵگەیان لەبەر دەستە لەسەر ڕووداني تسۆنامییەکی زۆر مەزنی جیهانیی، ڕاستەوخۆ دوای بەرکەوتنی هەسارۆکەیەکی گەورە بە تیرەی 15 کیلۆمەتر لە ناوچەی ئێستای(کەندواي مەکسیک) دا.

گەیشتۆتە باکووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا!

هێندەی پێنەچوو دوای ئەم دۆزینەوە ناوازەیە، تیمێکی دیکەی پسپۆڕ لە بواری (زانستی زەوی) بە سەرپەرشتی (مۆڵی ڕاینگ) ی پسپۆڕ لە (کۆلێژی زانستی زەوی) سەربە زانکۆی (لایف ساینس) کە ئەم دۆزینەوەیەی بڵاوکردۆتەوە، ئاشکرای کردووە کەوا شەپۆلە یەک لەدوا یەکەکانی تسۆنامی بۆتە هۆی لەناوبردنی تاهەتایی دایناسۆرەکان بەر لە نزیکەی 65تا 66ملیۆن ساڵی پێش ئێستا، وە تیمەکە سوودیان لە کۆمپیوتەر وەرگرتووە بۆ دەرخستنی سنوورو کارتێکردنی ئەو بەرکەوتنە بەگشتی و تسۆنامییە مەزنەکە بە تایبەتی لەسەر ناوچە وشکانییەکانی هەسارەکەمان، وە لە کۆتاییدا دەرکەوت کەوا لە میژووی هەسارەی زەویدا، شەپۆلی تسوونامی ئاوای بەخۆیەوە نەبینیوە، چونکە بەرزیی ئەو شەپۆلە لە دوای بەرکەوتندا بەرزبۆتەوە بۆ 1.6کیلۆمەتر کە 2600جار بەهێزتر بووە لە تسوونامییەی کە لە 2004.12.26لە زەریای هێمنی داوە.

مۆدێلی کۆمپیوتەریی نیشانی دا کەوا خێرایی شەپۆلەکانی ئاو یەگجار زۆر بووەو لە ماوەی 24کاتژمێردا، تەواوی کەنداوی مەکسیک و زەریای ئەتلەسی و هێمنی بڕیوەو 48 کاتژمێر بەردەوام بووەو قووڵ لێتەوە نیشتەنییەکانی قوڵایی دەریای گواستۆتەوە تا دووریی 6000 کیلۆمەتر لەناو ناوچە وشکانییەکانی ئەو سەردەمەیە.

تلسکۆپی (دانییێڵ کێی ئینوی) وردترین دیمەنی ڕووی خۆر دەگرێت لە مێژوودا



تلسکۆپی ناسراو بە (دانییێڵ کێی ئینوی) یان (DKIST) کە بە گەورەترین تلسکۆپی وێنەگرتنی خۆر دادەنرێت لە جیهاندا، توانی وردترین وێنەی ڕووی خۆر بگرێت کە تاوەکو ئێستا لە ڕێگەی تلسکۆپێکەوە وەرگیرابێت و تاوەکو ئێستا هیچ هاوشێوەی نییەو پسپۆڕان دەڵێن ڕەنگە بۆماوەی 50 ساڵی داهاتووش سوودی لێ وەربگیرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەردا ئەنجام بدرێت.

دیمەنەکە وردەکارییەکی یەگجار زۆری چەند بارستەیەکی ڕووی خۆر نیشان دەدات کە بە پەیکەرە موگناتیسییەکان ناسراون، ئەمە لە کاتێکدایە کەوا هێشتا پرۆسەکانی بونیاتنانی سەرەکیی کۆتایی نەهاتووەو ئەگەر بێ و تەواو بکرێ ئەوا توانای وێنەگرتنەکەی هێشتا بەهێزو وردترین دەبێت.

ئەو تلسکۆپە ڕێگە دەداتە پسپۆڕانی فیزیای فەلەکیی خۆر تا بتوانن کایەی موگناتیسی خۆریش بخەنە نێو بەرنامەی لێکۆڵینەوەکانیان کە بۆیەکەمجار دەبێ لەسەر زەوی بەو وردەکارییە ئەنجام بدرێ بۆ وەدەستهێنانی وردترین زانیاری دەربارەی کەشی بۆشایی ئاسمانی دەرەوەی زەوی.

جگە لەوانە، تلسکۆپی (DKIST) لێکۆڵینەوەی چڕ ئەنجام دەدات لە پێناو لادانی پەردە لەسەر نهێنی ناوچەی (خەرمانەی خۆر) و هۆکاری بەرزیی لە ڕادەبەدەری پلەی گەرما لەو ناوچەیەدا سەرەڕای دووریی یەگجار زۆریشی لە ڕووی خۆردا.


هێشتا پرۆسەی بونیاتنانی تەکنیکی ئەو تلسکۆپە ماوەو لە قۆناغی یەکەمدا سیستەمی (وێنەگری ڕوناکی بینراوی فراوان VBI) کە تایبەتە بە گرتنی وێنەی زۆر وردی ناوچەی ڕووی خۆرو بەرگە هەوای نزم بە سەرکەوتوویی بەکارهێنراو پاشان سیستەمی دووەم کە ناسراوە بە (پێوانەکاری جەمسەرکردنی شەبەنگیی تیشکی بینراو VISP) و چاوەڕوان دەکرێ لە تەمووزی ئەمساڵدا تەواوی یەکەو ئامێرەکانی ئەو ڕوانگە مەزنە دەستبەکاربن.

بەپێی پلان، تەمەنی ئەم تلسکۆپە بۆ 44 ساڵ خەمڵێنراوە، بەمەش لە مەودای 22 خولی چالاکیی خۆردا کاردەکات کە هەر خولێک 22ساڵ دەخایەنێ.

یەکێ لە ئامانجەکانی دیکەی ئەو تلسکۆپە بریتییە لە ڕوانگەکردنی چالاکیی خۆر لە بواری تەقینەوە زۆر بەهێزەکاندا، چونکە لە هەندێ حاڵەتی زۆر دەگمەندا خۆر بارستەیەکی یەگجار زۆر مەزنی پلازما و تەنۆچکەی بارگاوی ناسراو بە (تەقینەوە خەرمانەییەکان - CMEs) لێ دەردەچێت، جا ئەگەر بگاتە زەوی ئەوا ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر مانگە دەستکردەکان و تۆڕەکانی وزەی کارەبا و تەنانەت لە هەندی حاڵەتدا دەبێتە هۆی پچڕاندنی تەزووی کارەبا، وە یەکێ لەو ڕووداوانەی لە ساڵی 1989 بوو کاتێک گێژەلوکەیەکی کارۆموگناتیسی زۆر بەهێزی خۆر بووە هۆی پچڕانی کارەبا بۆماوەی 9 کاتژمێر لە هەرێمی (کیبیک) لە (کەنەدا) ، هەر بۆیە، ئەو تلسکۆپە زانیاری زۆر وردە دەربارەی چالاکی خۆرو هەڵسوکەوتەیان پێ دەدات و یارمەتی زانایان دەدات بۆ پێشبینی کردنی دیاردە مەترسیدارەکانی خۆر بە ڕێتمێکی زووتر و خێراتر بۆ ئەوەی پێشوەختانە خۆمانی بۆ ئامادەبکەین.

جێگای ئاماژەیە ڕوانگەی (DKIST) لە بەرزایی 3084مەتر لەسەر ئاستی ڕووی دەریادا دامەزراوەو دەکەوێتە سەر لوتکەی گرکانی خامۆشی (ماوی) لە (هاوای) و بەشێکە لە دامەزراوەی (ڕوانگەی هالیکالا) کە لە هەمان کاتدا بە (Advanced Technology Solar Telescope) یش ناسراوە، تیرەی ئاوێنەکەی 4 مەترو 24 سانتیمەترەو لە ساڵی 2013کۆتایی بە بونیاتنانی هاتووەو بۆیەکەمجار لە کۆتایی ساڵی 2019دا بەشێوەیەکی نیمچەیی دەستبەکاربووە.

مێسی بەرەو خولی ئینگلیزی
گواردیۆلا تیشک دەخاتە سەر ئەو هەواڵەی باس لە ڕۆیشتنی مێسی دەکات بۆ مان سیتی



خەبات: هاوار موڕتکەیی

چەند ڕۆژێکە هەواڵەکان لە میدیاکانی ئیسپانیا و بەریتانیا هەواڵێک دەوروژێنن کە پێیان وایە یانەی مانچستەر سیتی نیازی ئەوەی هەیە لە کۆتایی ئەم وەرزەدا مێسی هێرشبەری یانەی بەرشاۆنە بباتە ریزەکانیەوە.

ئەو پێشبینیانەی کە ئاماژەیان بەئەگەری ڕۆیشتنی ئەو ئەستێرەیە لە کامپ نو دا لە کۆتایی ئەم وەرزە، بۆ ئەوە گێڕایەوە کاتێک ئیریک ئەبیدالی بەڕێوەبەری وەرزشی یانە کەتالۆنیەکە لە ئینستاگرامی خۆی ڕەخنەی لە بەرشلۆنە گرتبوو و ڕایگەیاندبوو کە بەرپرسانی یانەکە بەرپرسیارێتی دەستلەکاکێشانەوەی ئیرنستۆ ڤالڤێردیەوە هەڵدەگرن و یاریزانەکان هیچ پەیوەندییان پێوە نەبووە.

گواردیۆلا چی دەڵێت؟

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا و بەریتانیا ڕوونیان کردەوە کە بۆندی مێسی بەندێکی تیایە کە ڕێگای پێدەدات لە کۆتایی ئەم وەرزەدا بە خۆڕایی بڕوات، ئەگەرچی بۆندەکەی لە شاڵی 2021 کۆتایی پێدێت، بەڵام ئەو ڕۆژنامانە ئەوەیان درکاندووە کە مێسی دوای 16وەرز لەگەڵ کەتالۆنیا، کاتی نزیک بۆتەوە قەڵای کامپ نوو جێبهێڵێت.

شەبارەت بەم هەواڵانەوە پیپ گواردیۆلا کە لەماوەی نێوان 2008 تا 2012 ڕاهێنانی بەمێس کردووە، سنورێکی بۆ ئەو هەواڵانە دانا و بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند و گوتی: مێسی سومبلی بەرشلۆنەیە، هەر لەوێ دەمینێتەوە، هیوادارێشم ئەمە وابێت، هەروەها گوتی: پێم وایە مێسی کاروانی وەرزشی لەوێ کۆتایی پێدێنێت و هیوادارێشم هەر ئەمە ڕووبدات.

پێنج جار مێسی لە مان سیتی نزیک بووە مێژوو دەڵێت مێسی پێنج جار لە بۆنەی جیاجیادا نزیک بووە لەوەی بەرشلۆنە جێبهێڵێت و بچێتە یانەی مانچستەر سیتی:

- لەساڵی 2008 گاری کووکی سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی مان سیتی دەستەواردیەکی بەبڕی 82ملیۆن یورۆ پێشکەشی مێسی کرد.

- لە ساڵی 2015 ڕۆژنامەی زە سەن ئاشکرای کرد کە یانەی مان سیتی بڕی 950 هەزار یورۆ مووچەی هەفتانەی خستۆتە بەردەم مێسی تا بچێتە ریزەکانیەوە.

- لە ساڵی 2016 ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ بڵاویکردەوە کە مێسی بەرپرسانی یانەی بەرشلۆنەی ئاگادارکردۆتەوە کە حەزەکات بچێتە ریزی یانەی مان سیتی.

- لە ساڵی 2017 میدیاکانی ئیسپانیا بڵاویان کردەوە کە باوکی مێسی بەرلەوەی کۆڕەکەی بۆندەکەی تازەبکاتەوە لەگەڵ یانەی مان سیتی کەوتۆتە گفتوگۆوە.

- لە ساڵی 2019 دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بەریتانی لە مانچستەر بڵاوی کردەوە کە یانەی مان سیتی ئەو بڕوایەی لادروست بووە هەرکاتێک مێسی لە بەرشلۆنە بڕوات ئەوا پەیوەندی بە سیتزینزەوە دەکات.

بایرن: ڕۆنالدۆمان ناوێت چونکە پیر بووە



یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی ڕەتیکردەوە لەگەڵ ڕۆنالدۆی ئەستێرەی یانەی یۆڤینتۆس بکەوێتە گفتوگۆوە تا لەوەرزی تازەدا ئەو یاریزانە پورتوگالیە یاربیبان بۆ بکات.یانەی بایرن لەوەڵامی ئەو هەواڵانەدا کە گوایە ئەوان چوونەتە نیوگفتوگۆوە لەگەڵ بەڕێوەبەری کاروباری ڕۆنالدۆوە و ڕایگەیاند ئەمە ڕاست نییە و هەرگیز گفتوگۆیەکی لەمشیوەیە لە ئارادا نییە، چونکە ڕۆنالدۆ کەوتۆتە ناو تەمەنەوە.

کۆچی وەرزشوانان بۆ دەرەوە هەڕەشە لە دواڕۆژی وەرزشی ئێران دەکات

ماوەیەکە دیاردەیەک دووبارە و دەبارەدەبێتەوە بە کۆچکردنی وەرزشوانانی ئێران بۆ دەرەوەی وڵات، کە ئەمەش هەڕەشە لە دواڕۆژی وەرزشی ئەو وڵاتە دەکات لە بۆزە وەرزشییە جیهانییەکاندا، چونکە ئەوانەی جیا لەوەی ئەو وڵاتە جێدەهێڵن، لەهەمان کاتیش لە ژێر ئاڵای وڵاتانی دیکەوە دڕێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن. بەرپرسانی ئێران دەترسن ئەم کۆچە ببێتە دیاردەیەک و ئەو هەوڵ و کۆششەیان لەدەست بدەن کە لەپێناو بایەخدانی زیاتر بە وەرزشوانان دەیدەن، هەروەها کاریگەری لەسەر پێگەی ئەو وڵاتە لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکانەوە هەبێت بەتایبەتیش لە ئۆلێمپادی داهاتوو.

دیارترین ئەو وەرزشوانانەی بەمدواییە بەرەوە ئەوروپا کۆچی کرد کیمیا عەلی زادەی تەمەن 22ساڵەیە کە یاریزانی تایکواندۆ و هەڵگری تاکە میدالیای ئێرانە لە میژووی ئافرەتانی ئێران لە ئۆلێمپیادەکان، کە بەمدوایە بەرەو هۆڵەندا وڵاتەکەی خۆی جێهێشت.



ژووان سەعدی کچە پایسکلسواری یانەی برایەتی بۆ خەبات:
داواکارم لە دایک وباوکان ڕێگری لە کچەکان نەکەن بۆ ئەنجامدانی وەرزش

دیانە: سەرهەنگ نەجمەدین

ژووان سەعدی قوتابی قۆناخی چوارەمی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی هەولێر ، ناوبراو یەکێکە لە یاریزانە ئاست بەرزەکانی پایسکلسواری یانەی برایەتی،ئەو یاریزانە ماوەی 3ساڵە بەبەردەوامی یاری پایسکلسواری بەلێهاتوویی ئەنجام دەدات و تائێستا لەڕێگەی یانەکەی خۆیەوە بەشداری چەندین پاڵەوانیەتی یانەکانی کوردستان و عێراقی کردووەو لەپاڵەوانیەتیەکاندا ئەنجامی باش وبەرزیان بەدەستهێناوە، بۆ ئەم مەبەستە و تیشک خستە سەر چۆنیەتی دەستپێکردنی وەرزش خاتوو ژووان سەعدی لەمبارەیەوە بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان هەر لەسەرەتاوە ئارەزووی وەرزش کردنم هەبوو ، یەکەم یاری کەدەستم پێکرد یاری تۆپی دەست بوو، پاشان ڕوومکردە یاری پایسکلسواری و لەیانەی هەولێر دەستمپێکرد وپاشان چوومە ڕیز یانەی برایەتی تائێستا لەم یانەیە بەردەوامم.

هەر لەدڕێژەی قسەکانیدا ئەو کچە یاریزانە زیاتر گوتی:تائێستا بەشداریم لە 8پاڵەوانیەتی کوردستان و عێراق کردووە، خۆشبەختانە لەپاڵەوانیەتیەکاندا ئەنجامی بەرزو بەرچاومان بەدەستهێنا کەشایستەی یانەکەمان بێت،هەروەها لەم کاتەدا ئامادەکاری بۆ پاڵەوانیەتی یانەکانی عێراق دەکەین وهەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی پلەی یەکەم بەدەست بهێنین .

ژووان سەعدی لەبارەی ئایندەی پایسکلسواری یانەکانی کوردستان گوتی: ئەگەر وەرزش بەو شێوەیەی ئێستا لەکوردستان بەردەوام بێت، بێگومان یاریزانانی ئەو یارییە بەرەو سستی و نەمان دەچێت، بەم هۆیەوەش زۆربەی کچە یاریزانەکان لەبواری وەرزشکردن پاشەکشە دەکەن و واز لەیاری کردن دەهێنن،ئەگەر بایەخ وگرینگی بەیانەکان و بەیارییە تاکەکان بدرێت ئەوا دووبارە ئەو یارییانە دەبوژێتەوە و دووبارە گەڕمی و جۆش وخرۆش دەخاتە نێو یانەکان بۆ ڕکابەری کردن لەپاڵەوانیەتیەکاندا، زۆر بەداخەوە تا ئێستا ژمارەی یانەکان لەهەموو کوردستان لەپەنجەی دەست تێپەر ناکات کەئەمەشیان کارەساتێکە کەوەرزش ویاری پایسکلسواری تێیکەوتووە.

هەر لەبارەی بەرنامەی مەشق وڕاهێنانیان بۆ پاڵەوانیەتی پایسکلسواری یانەکانی عێراق خاتوو ژووان سەعدی بۆ ئەم پرسەیش گوتی : بێگومان ڕۆژانە بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەتوانا و ئاست بەرز وخاوەن ئەزموون ڕاهێنەر ئۆرفیس مەشق وڕاهێنانەکانمان لەسەر شەقامی 120 مەتری ئەنجام دەدەین، ئەگەرچی ڕێگا و شوێنی مەشقەکانمان زۆر مەترسیدارن، بەڵام ناچارین هیچ شوێنکی گونجاوترمان دەستناکەوێت کەتیایدا مەشقەکانمان ئەنجام بدەین

ئەم کچە وەرزشوانە لە کۆتاییدا ئاماژەی بۆ تەوەرێکی گرینگ کرد و گوتی: ئەو کاتە خۆشحاڵ وئاسوودە دەبم کاتێک سەرجەم کوڕ و کچە لاوەکانمان بەگشتی ڕوو لەوەرزش دەکەن، هەروەها لەڕێگەی ڕۆژنامەکەتان داواکارم لە دایک وباوکان چیتر ڕێگری لەکچەکان نەکەن بۆ ئەنجامدانی وەرزش.





بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon.10. Feb. 2020 No: (5929)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

دواجار، شازادە(هاری) و(میگان)ی هاوسەری، بڕیاریان دا، کۆشکی شاهانە جێ بهێڵن و دەسبەرداری ناز ناوی شازادە بۆن و لەو قەفەزە زێڕینە بێنە دەرەوە، ئەو بڕیارە لە بەریتانیا و سەرانسەری جیهاندا دەنگی دایەوە، ژن و مێردێک کە لەبەهەشتی سەر زەمین دا بژین، چۆن دڵیان هات ئەو بەهەشتە جێ بهێڵن.

لەم دنیایەدا، هەیە خەون بەوە دەبینێت کە یەک رۆژ لە کۆشکی شاهانەدا بژی، هەشڵێی بێزارە، ئەوە مەسەلەی نازادی تاکە و هەرکەسە و نازادە چۆن دەژی و لەکوێ دەژی، دەگێڕنەوە دەوڵەمەندێک لەخانوویەکی بلووربن و مەرمەرپیدا دەژیا، رۆژێکیان بینی وا سوالکەرێک لەبن دیوار وەرگەڕاوەتە شلە و برنج و گۆشت کە خەڵک خێڕیان پێ کردبوو، دەوڵەمەندەکە بە سوالکەرەکەی گوت:

ـ خۆزگەم بەخۆت، خۆ دەتوانی تێر بەسکی خۆت بخۆیت، نەخۆشی خواردنی لەمن حەرام کردووە.

هیوادارم شازادە هاری وەک دایکی بەدبەخت نەبێت، شازادە ـ دایانا ـ ی دایکیشی وازی لە ژیانی شاهانە هێنا، رووی لەکاری خێرخوازی کرد، کەچی لە رووداوێکی تەم و مژاوی و بەکارەساتی تڕومبێل، لەگەڵ کوڕە ملیاردێرێکی میسری، گیانیان لەدەست دا.



(ڕۆژی پێشمەرگە) گۆڤاری پەیامی شۆڕشی ئەیلول و گیانفیدای پێشمەرگە کوردستانی هەڵگرتووە

بەرهەم شێخ عزەدین: (ڕۆژی پێشمەرگە) گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە، گرووپی 11ی دەزگای باڵای ئەیلوول دەری دەکات، تایبەتە بە خەبات، مێژوو، تێکۆشان و کولتووری پێشمەرگە، 11ی هەموو مانگێک دەردەچێت، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات، سەباح شێخانی، سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژی پێشمەرگە گوتی: ڕۆژگارێک بەسەر شۆڕشی ئەیلوول تێپەڕیوە، بۆیە زۆرێک لەو قارەمانانەی کە لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا بەشداربوونە: شەهید بوون، یان کۆچی دواییان کردووە، یان بەشێکی جەستەیان لەدەستداوە و بوونەتە شەهیدی زیندوو، ئەوانەی کە لە ژیانیشدا ماون لەگەڵ هیوای تەمەندرێژی بۆیان ، بەڵام ئەوانیش چوونەتە ناو تەمەنەوە، زۆر شت لە شۆڕش ڕوویداوە، ئێمە بەڵێن دەدەین، هەرچی ڕووداو، داستان، قارەمانیەتی، بیرەوەریی و بەسەرهات هەیە بینووسینەوە و تۆماری بکەین. گۆڤاری ڕۆژی پێشمەرگە تا ئێستا 6 ژمارەی لێ دەرچووە، لە سەرتاسەری کوردستان پەیامنێری هەیە. ستافی گۆڤاری ڕۆژی پێشمەرگە پێکهاتووە لە: خاوەن ئیمتیاز: قادر قادر، سەرنووسەر: سەباح شێخانی، بەڕێوەبەری گۆڤار: سالار کاکۆ، بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان: یاسین سالح مەلازادە، دەستەی نووسەران: محەمەد مەلا قادر بێتواتەیی، جەمال محیەدین ڕەشید، دڵشاد مەولود گەردی، هۆشمەند حەیدەر ڕەشید.

شاعیری لاو ڕەشوان گەردی: بەبەروارد بەڕابردوو شیعر لە ئێستا گۆڕانکاری زۆری بەسەر داهاتووە

دیمانە: پەریهان عومەر

ڕەشوان گەردی لەدایکبووی شاری لەهەولێرە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی بەشی کارگێڕی تەندروستییە لەساڵی 2003 دەستیکردووە بەنووسین و خاوەنی 3نامیلکە شیعرییە، ساڵی 2005بەناونیشانی (هەناسەیەک بۆ دووری) ،لەساڵی)2006سۆزی دڵ)لەساڵی) 2009بۆ شۆخە چاو ڕەشکە)بووە، کاری داهاتووشی سیدیەکی شیعری و نامیلکەیەکی شیعرییە. ساڵی 2014 چۆتە نێو بواری ڕاگەیاندن لە تیڤی ئاماەکار و پێشکەش کاربووە و تا ئێستاش بەردەوامە لەنووسین ،نوسیەکانی هەموو جۆرە.



چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئێستای شعر هەیە؟

شیعر لە ئێستا بەبەروارد بەرابردوو گۆڕانکاری زۆری بەسەر داهاتووە چ لە ڕووی ڕووخسارەوە چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوەبم بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش هۆکار بوونە بۆ دەرخستنی کۆمەڵێک توانا و بەهرە ، هەر ئەمەش وایکردووە زۆری بۆری بەدی بکرێت ئەم زۆری و بۆریەش کرچوکاڵی لێکەوتۆتەوە بم چونکە لە ئێستادا هێندەی ناوبانگ گرینگ و مەرجە ئەوەندە ئامانج ئەو گرینگییەی نەماوە. بۆیە دەتوانم بڵێم ئێستای شیعر لە ناو کوردا ئەگەر هەندێک ڕێکخستن و لە فلتەردانی هەبێ . دەتوانم بڵێم لە ئاستێکی باش دایە دەتوانم بڵێم زۆر باشیش.

شعرەکانی تۆ زیاتر گوزارشت لە چی دەکەن؟

من لە زۆربەی بواڕەکان شیعرم نووسیووە کۆمەڵایەتی ، نیشتمانی، بەرەنگاری ، دڵداری ، ئایینی . بەڵام پشکی شێر بەر شعری دڵداری کەوتووە. هەر کاتێک هەر بابەتێک لەو بوارانەی باسم کردن کاریگەری لەسەر هەستم دروست بکات لای من شعرێک لەخەیاڵ دەبێت.


بۆچی بواری شعر نووسینت هەڵبژارد؟ ئایا کاریگەری هیچ شاعیرێک هەبووە لەسەرت؟

من بواری شیعر نووسینم هەڵنەبژارد بەڵکو ئەوە بەهرەیەکی سروشتی بوو لەناخی منداا هەبوو منیش پەردم پێدا و پێشمخست و بەیارمخست.بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین لەپاڵ بوونی بەهرەکەش حەزی شیعر نووسینم هەبوو ئەم حەزەش لە خوێندنەوەم بۆ شیعری شاعیرانی دیکەوە هاتە بوون. کە ئەمەش دەبێتە وەڵامی بڕگەی دووەمی ئەم پرسیارە.

جگەلە بواری شعرنووسین لەچ بوارێکی ترا کاردەکەی؟

بەداخەوە لە کوردستان تا ئێستا چ هونەر چ ئەدەب نەبوونەتە پیشە کە لە ڕێیەوە هونەرمەند یاخوود ئەدیب بتوانێ پێی بژیێت بم هەر بۆیە ناچارن پەنا بۆ پیشەی دیکە ببەن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان بم جا بۆ گومان ئەمەش زیان لە پێشخستنی تواناکان دەگرێ بم هەندێک جاریش ئیفلیجی دەکات. ئەمەش هۆکاری سەرەکییە کە داهێنان نییە یاخود دەگمەنە.منیش جگە بواری نوسین کارمەندی وەزارەتی تەندروستیم.

گورگەکان ڕیشی ناسر حەسەنیان تاشی!!



زاگرۆس نانەکەلی

دەرهێنەری بەناوبانگی کورد ناسر حەسەن هەفتەیەکە لەنێو ژووری مکیاژ و ئامادەکاری و وێنەگرتن و ئارایش دەبێندرێت وهۆکارەکەش گومانی تیانیە کارێکی تری نوێی هونەری ناسرحەسەنە ،بەڵام ئەمجارەیان وەک ئەکتەر نەک دەرهێنەر.گرنگ بوو لە نزیکەوە هەوالی ئەم گۆڕانکاریە بڵاوبکەینەوە ،ناسرحەسن بەهۆی ئەو سەرقاڵیە هونەریە بۆی نەکرا ڕوونکردنەوە بدات،بۆیە ڕێگایەکی دیکەم گرتە بەر ولەگەڵ کۆڕی ناسرحەسەن کەئەویش دەرهێنەرە بەناوی (ئیڤان) قسەم لەگەڵ کرد و بۆ ئەم کارەی باوکی ووتی: بەڵێ ستافێکی ئیرانی وهەرێمی کوردستان بۆ تۆمارکردنی درامای (گورگەکان) سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەم دراماینەن کە لە (60) هەڵقە پێک هاتووە ،کادیری هونەری لە وڵاتی ئێران هاتوون و کادیری تەقەنی وئیداری لە هەرێمی کوردستان و ئێران پێکهاتوون،هەروەها وێنەگرتن لە هەولێر و ئەوروپا دەبێت،سیناریۆ و دەرهێنەری ئەم درامایە (میهران شیری)ە،دراماییەکە بە زمانی کوردیە و بەرهەم هێنانیشی کۆمپانیای (سامبیرۆ) بۆ بەرهەم هێنانی هونەری.ئەم درامایە کۆمەڵێک هونەرمەندی کوردی بەشدارن لەوانە (ئادی ئەیام،ژینۆ،بەکر مستەفا ،یونس حەمەکاکە ،ئازاد شێروانی) وچەند هونەرمەندی دیکە ،هەروەها بەڕێوەبەری وێنەگرتنی (حسێن ئەسەدی) ە.جێگای ئاماژەپێکردنە دەرهێنەر و هونەرمەندی کورد ناسرحەسەن ماوەی چەندین ساڵە ریشی هێشتۆتەوە نەیتاشیەوە ،بەڵام لەبەر درمای گورگەکان بەناچاری ریشەکەیان پێ تاشی!

ئەپڵیکەیشنی نیشاندانی جەستە قەدەغەکرا



دروستکەرەکانی ئەو ئەپەی کە دەتوانێت ئافرەتان بەبێ جلەکانیانەوە نیشان بدات بڕیاریاندا لە پەرەپێدانی ئەپەکەیان بوەستن و لە تۆڕی ئینتەرنێت بیسڕنەوە.

وێبسایتی بی بی سی بڵاویکردووەتەوە، ئەپی "Deepnude"کە نرخەکەی ٥٠ دۆلارە، بە خێرایی سەرنجی جیهانی ڕاکێشا و بووە جێی ڕەخنەی چەندین بڵاوکراوەی میدیا جیهانییەکان، لە ئێستادا دروستکەرەکانی ئەپەکەیان لە تۆڕی ئینتەرنێت سڕیوەتەوە و ئاماژەیان بەوە کردووە کە دونیا ئاماە نییە بۆ ئەپێکی وەها.

یەکێک لە پرۆگرامەرەکانی ئەپەکە لە تویتێکدا ڕایگەیاند، "ئەگەری ئەوەی خەڵکی بۆ مەبەستی خراپ بەکاربهێنێت زۆر زۆرە و ئێمەش نامانەوێت بەو شێوە پارە پەیدا بکەین". هەروەها لە بابەتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، هەر کەسێک کە ئەپەکەی کرپیێت، پارەکەی دەدرێتەوە و جەختیان لەوەش کردەوە کە لە داهاتوودا هیچ نوێکردنەوەیک بۆ ئەپەکە بڵاوناکرێتەوە، هەروەها کەس مافی ئەوەی نابێت کە ئەپەکە بەکاربهێنێت.

شایەنی باسە خاوەنەکانی ئەپەکەش داوایان لە هەموو ئەو کەسانە کردووە کە ئەپەکەیان هەیە، بڵاوینەکەنەوە و کۆپییەکەی نەدەن بە هیچ کەسێکی تر، سەرەڕای ئەوەی ئەپەکە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا نەماوە، بەڵام هەر کەسێک کە ئەپەکەی هەبێت دەتوانێت بەکاریبهێنێت.

جێی ئاماژە پێدانە ئەپەکە هاوکێشەی زانستیی و ئەی ئای کۆمپیتەری بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی جلوبەرگی ئافرەتان لە وێنەکاندا بسڕێتەوە و بە پێی شێوە و قەبارەی کەسەکە جەستەی بێ جلوبەرگ بۆ ئافرەتەکە دروستدەکات کە زۆر لە ڕاستی بچێت و بابەتەکەش شتێکی خەیاڵییە.

ژنێکی ئوسترالی لەمیانی کێبڕکێی خواردنی کێکدا گیانی لەدەستدا

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ لە ئوسترالیا ، لەچوارچێوەی چالاکییەکانی "ڕۆژی نیشتمانی ئوسترالیا"دا کێبڕکێیەکی تایبەت بە خواردنی کێک لە هۆتێلێکی ویلایەتی کوینزلاند باکووری ڕۆژهەلاتی ئەو وڵاتە ڕێکخراوە.لە پێشبڕکێکەدا ژنێکی تەمەن 60ساڵیش بەشداربووە و لەمیانی خواردنی کێکدا باری تەندروستی تێکچووە.دەستبەجێ بە ئامبولانس گەیەندراوەتە نەخۆشخانە ، بەڵام نەتواندراوە ژیانی رزگار بکرێت.دەستەی بەڕێوەبردنی هۆتێلەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی ڕووداوەکەوە بڵاوکردەوە و تیایدا پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵە و هاوڕێیانی ئەو ژنە کرد.جێی ئاماژەیە ساڵانە لە ڕۆژی نیشتمانی ئوسترالیادا کێبڕکێی تایبەت بە خواردنی کێک و ساندویچ ساز دەکرێت.

